# کاریگەرییەکانی درامای تەلەفزیۆنی لەسەر شوناسی کەلتوری:
## درامای (گورگەکان) لەکەناڵی کوردماکس بەنموونە

پ.ی.د.یوهان عثمان حمە
Yohan.hama@univsul.edu.iq
بەڕێوەبەری بەشی رۆشنبیری و راگەیاندنی
زانکۆی سلێمانی

م.ی.شاهۆ خوارحم کریم
shaho.kareem@univsul.edu.iq
بەشی رۆشنبیری و راگەیاندنی زانکۆی
سلێمانی

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٤/١ بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بلاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٤/١٠

**پوختە**

ئامانجی توێژینەوەکە دیاریکردن و شیکردنەوەی بەهاکانی پەیوەست بەشوناسی کەلتوورییە کە لەزنجیرە درامای (گورگەکان)دا هاتووە و لەکەناڵی ئاسمانی کوردماکسدا پەخشکراوە، لەگەڵ دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی بەها هونەری و میدیایی و کۆمەڵایەتییەکان کە لەدراماکەدا هاتووە، هەروەها زانینی کاریگەرییەکانی درامای (گورگەکان) لەسەر شوناسی کەلتووری. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە توێژەران میتۆدی وەسفی پاڵپشت بەشیکاری ناوەڕۆکیان بەکارهێنا لەگەڵ تێبینیکردن بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان، بەمەبەستی شیکردنەوەی (11) ئەڵقە کە دەکاتە (50%)ی کۆی دراماکەو بەشێوەی هەڕەمەکی ڕێکخراو هەڵبژێردران. لەکۆتاییدا توێژینەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە دراماکە لەڕووی تەکنیکی (وێنەگرتن، ڕووناکی و جوانکاریی)ەوە کارێکی نوێ و پیشەیی بۆ کراوە، بەڵام لەڕووی بەرجەستەکردنی بەها کەلتورییەکانی وەك (زمان، دابونەریت، پەیام، ئاکار) لەئاستێکی زۆر خراپدایە، چونکە دراماکە لەڕێگەی پیشاندانی دوو گروپی مافیاوە کوردستانی وەك جەنگەڵێکی پڕ لەگورگ وێناکردووە، کە هەموو جۆرە ململانێ و شەڕو توندوتیژی و کاری دزێوی نا باو بەکۆمەڵگە ئەنجامدەدەن، تەنیا لەپێناوی گەیشتن بەگەنجینەیەك کە هێمایە بۆ سەروەت و سامانی ئەم وڵاتەو ئاودیوکردنی بۆ تورکیا، توێژینەوەکە دەریدەخات کە ڕەنگدانەوەی شوناسی کەلتوری لەم درامایەدا لەئاستێکی زۆر خراپدایە، تارادەیەکی زۆریش دۆخی کۆمەڵگەی کوردی شێواندووە و بەشێك لەدیمەنەکان هاندانیان تێدایە بۆ توندوتیژی و ناپاکی و فێڵکردن و بەهەدەردانی موڵکی گشتی. توێژەران گەیشتن بەو دەرئەنجامەی کە ئەو بەرهەمە هونەرییانەی لەمیدیای جەماوەرییەوە بڵاودەکرێنەوە، دەبنە بەشێك لەپەیامی میدیایی، بۆیە پێشنیاز دەکەن لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕێکاری پێویست بگرنەبەر، کە بەرهەمهێنانی دراماو زنجیرە تەلەفزیۆنییەکان بەبێ پێداچوونەوەی لەلایەن پسپۆڕانی زمانەوانی و میدیاییەوە بڵاونەکرێنەوە.

**کلیلە وشەکان: کاریگەریی، دراما، درامای تەلەفزیۆنی، شوناس، شوناسی کەلتوری**

**پێشەکی**

دراما بەیەکێك لەکۆنترین و بەهێزترین ژانرەکانی گەیاندنی هونەری دادەنرێت و کاریگەریی قوڵی دەروونی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری لەسەر تاك و کۆمەڵگە هەیە، چونکە بابەتگەلێك پێشکەش دەکات کە سەرنجی بینەر بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت. هەرچەندە دراما لەبنەڕەتدا بەرهەمێکی هونەرییە، بەڵام لەڕووی تەکنیك و ئامانجەوە نزیکە لەوەی کارێکی میدیایی بێت، نەك هەر ئەوەندەش

sjh@univsul.edu.iq

بەڵکو لەڕووی گەیشتن بەئامانجەکانی راگەیاندنو ریکلامەوە، دەتوانرێت لەپێشەنگدا هەژمار بکرێت. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە لەم سەردەمەدا دراما بۆتە یەکێك لەگرنگترین ئەو ناوەڕۆکو فۆرمانەی کە لەتەلەفزیۆنەوە پێشکەشدەکرێتو لەرێگەی رووداوەکانو کارەکتەرەکانو ململانێ دراماتیکییەکانییەوە کۆمەڵێك بەها دزە پێدەکاتو وا لەبینەر دەکات بەها گشتییەکان هەڵپەسێرێتو ئەو پێوەرو بەهایانە بەکاربهێنێت کە لەدراماکەدا ئاماژەیان پێکراوە، بەواتایەکی دیکە درامای تەلەفزیۆنی پانۆرامای ژیانە بەچاکەو خراپەکانییەوە، هەروەها رۆڵێکی سەرەکی هەیە لەورژاندنی رووداوە مێژووییەکانو دووبارە دارشتنەوەیان بەشێوەیەك کە خزمەت بەبینەر بکات یان زیانیان پێ بگەیەنێت، بۆیە زۆرێك لەتوێژینەوەکان شیکردنەوە بۆ ناوەڕۆکی ئەو رووداو و بەهایانە دەکەن، کە دراما تەلەفزیۆنییەکان لەچوارچێوەی بەها کۆمەڵایەتیو مێژوویيو کەلتورییەکاندا پێشکەشی بینەری دەکەن.

## بەشی یەکەم / چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

1.1 کێشەی توێژینەوە

درامای تەلەفزیۆنی ئامرازێکە بۆ گوزارشتکردن لەو پرسو ئاڵنگارییانەی کە تاکەکان لەژیانی رۆژانەیاندا رووبەڕوویان دەبنەوە، گومانی تێدا نییە هەر بەرهەمێك کە لەرێگەی دراماوە پێشکەشی بینەر دەکرێت، هەڵگری پەیامێکە کە کۆمەڵێك بەها لەخۆدەگرێت، ئەم بەهایانە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ پەیوەندییان بەشوناسی کەلتوری کۆمەڵگەوە هەیەو لەرێکخستەی بەهای بینەردا رەنگدەدەنەوە، بەوپێیەی درامای تەلەفزیۆنی بەیەکێك لەو سەرچاوانە دادەنرێت کە کاریگەری لەسەر کردەی پێکهێنانی بەهاکان هەیە لەڕووی بەهێزکردنو لاوازکردنیان. لەبەرۆشنایی ئەم تێروانینەدا **"کاریگەرییەکانی درامای تەلەفزیۆنی لەسەر شوناسی کەلتوری: درامای "گورگەکان"ی کەناڵی کوردماکس بەنموونە"** بوو پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیەو لێرەشەوە چەند پرسیارێکی دیکە دارێژران:

1. کامانەن بەهاکانی پەیوەست بەشوناسی کەلتوری لەزنجیرە درامای (گورگەکان) کە لەکەناڵی ئاسمانی کوردماکسدا پەخشکراوەو شیکردنەوەیان؟
2. کامانەن بەها هونەریو میدیاییو کۆمەڵایەتییەکان لەزنجیرە درامای (گورگەکان) کە لەکەناڵی ئاسمانی کوردماکسدا پەخشکراوەو شیکردنەوەیان؟
3. تاچەند زنجیرە درامای (گورگەکان) کە لەکەناڵی کوردماکسدا پەخشکراوە، کاریگەری لەسەر شوناسی کەلتوری هەیە؟

2.1 گرنگی توێژینەوە

**لەڕووی تیۆرییەوە:**

1. دەبێتە سەرچاوەیەکی بەنرخ بۆ کتێبخانەی کوردی، بەوپێیەی کە بایەخ بەدراما وەك ژانرێکی کاریگەری میدیاو پاراستنی شوناسی کەلتوری دەدات.
2. بۆ بوارە پەروەردەییو دەروونناسییو کۆمەڵایەتییەکان گرنگە، بەوپێیەی رۆشنایی دەخاتەسەر دەرکەوتنی بەها ئەرێنیو نەرێنییەکان لەدرامای تەلەفزیۆنیو کاریگەرییان لەسەر شوناسی کەلتوری.

**لەڕووی پراکتیکییەوە:**

3. یارمەتی بەرهەمهێنەرانی دراما دەدات بۆ باشتر دەرخستنی ئەو بەهایانەی پەیوەستن بەشوناسی کەلتورییەوە.
4. هانی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەدات، هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ بۆ بەرهەمهێنانی درامای کوردی، کە گونجاو بێت بۆ کۆمەڵگەکەو هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ بەهاو دابونەریتی کوردەواریو پاراستنی شوناسی کەلتوری، ئەویش لەرێگەی ناوەڕۆکی بەهێز کە لەسەر بنەمای زمانی رەوانی کوردی دارێژرا بێتو رەنگدانەوەی میراتی رەسەنی کوردی بێت.

sjh@univsul.edu.iq

3.1 ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە، زانینی کاریگەری دراماى تەلەفزیۆنییە لەسەر شوناسی کەلتوری: دراماى "گورگەکان" لەکەناڵی کوردماکس بەنموونە. لەبەرڕۆشنایی ئەم ئامانجە سەرەکییەدا چەند ئامانجێکی دیکە دەخەینەڕوو، لەوانە:

1. دیاریکردنی بەهاکانی پەیوەست بەشوناسی کەلتوری لەزنجیرە دراماى (گورگەکان) کە لەکەناڵی ئاسمانی کوردماکسدا پەخشکراوەو شیکردنەوەیان.
2. دەستنیشانکردنی بەها هونەریو میدیاییو کۆمەڵایەتییەکان لەزنجیرە دراماى (گورگەکان) کە لەکەناڵی ئاسمانی کوردماکسدا پەخشکراوەو شیکردنەوەکان.
3. زانینی کاریگەرییەکانی زنجیرە دراماى (گورگەکان) لەسەر شوناسی کەلتوری کە لەکەناڵی کوردماکس پەخشکراوە.

4.1 پێناسەی چەمکو زاراوەکان

1. **کاریگەریی (Impact):**
- **(خليل، 2008):** بریتییە لەو لێکەوتانەی کە پەیام لەمێشکو ویژدانی وەرگردا بەجێی دەهێڵێت، هەرکاتێك وەرگر وەڵامی ناوەرۆکی پەیامەکەی دایەوە، ئەوە ئاماژەیە بۆئەوەی کە پەیامەکە کاریگەریی دروستکردووە.(خليل،27:2008)
- **(الفار، 2014):** بریتییە لەدەرکەوتنی گۆڕانکاری لەڕەفتارو بیرکردنەوەدا، ئەو گۆڕانکارییانەش لەئەنجامی بەرکەوتن بەئامرازە جۆراوجۆرەکان روودەدەن.(الفار،52:2014)

2. **دراما (Drama):**
- **(المصري، 2020):** نوێنەرایەتییەکی دەروشاوەی دۆخێکی دیاریکراو، لەکاتو شوێنێکی دیاریکراودا دەکات، بەمەبەستی گوزارشتکردن لەکۆژانو ناسۆری گەلێك، وە فەرهەنگی نەتەوەیەکو کێشە ئابووریو ئاینیو رامیارییەکانی لەسەردەمێك لەسەردەمەکاندا. ئەمەش تەنیا وێناکردنی کردار نییە، بەڵکو خودی کردارەکەیە.(المصري،34:2010)
- **(الغمراوي، 2022):** بریتییە لەڕاهێنانی کردەییو فێربوونی ئەزموونیو بەشداریکردنی عەقڵو جەستەو دەنگو هەستەکان لە لێکدانەوەو گەیاندنی زانیاریو بیرۆکەکان بۆ کەسانی دیکە.(الغمراوي،442:2022)

3. **دراماى تەلەفزیۆنی (TV drama):**
- **(علي، 2021):** بریتییە لەزنجیرەیەك دراما کە بەئەڵقەی سنوردار لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن یان لەپلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە پێشکەشدەکرێت، تێیدا رووداوێك یان کۆمەڵە رووداوێك بەرجەستە دەکرێت، کە ماناو ئاماژەیەکی دیاریکراویان هەیەو بەپێی هەندێك بنەماو رێسا دەنووسرێتو کاردانەوەی بەکۆمەڵی لێدەکەوێتەوە.(علي،123:2021)
- **(عبدالعزيز، 2022):** هونەرێکە کە گوزارشت لەکۆمەڵگەو ئەوەی تێیدا دەگوزەرێت دەکات، بابەتو دۆزەکانیشی لەنێو بابەتەکانی خودی ژیانەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە ئەو بابەتانەن کە بینەر بۆ لای خۆیان رادەکێشن، هەروەها لەقوتابخانەی کۆمەڵایەتی هونەرەوە نزیکترە.(عبدالعزيز،73:2022)

4. **شوناس (Identity):**
- **(باهنر، 2011):** بریتییە لەکۆمەڵێك مانا کە مرۆڤ بۆ گوزارشتکردن لەخۆی بەکاریدەهێنێت، بەمشێوەیە ئەگەر ئەندامانی کۆمەڵەکە لەسەر مانای رەفتارەکان کۆك نەبن، ناتوانن شوناسی کۆمەڵەی دڵخوازی خۆیان دروست بکەن.(باهنر،132:2011)
- **(كربية، 2021):** بریتییە لەپێبەستبوون یان پابەندبوون بەڕێکخستەیەکی کۆمەڵایەتیو پێگەیشتن لەناو ئەو رێکخستەیەداو تەنانەت ئاوێتەبوون لەناو یەکێتییەکی فرەچەشندا، کە ئەمەش تاکێك بەتاکێکی دیکەوە دەبەستێتەوە.(كربية،88:2021)

.5 **شوناسی کەلتوری (Cultural identity):**

- **(عبيدي، 2017):** بريتييە لەخەسڵەتە کەلتورييەکانو هەموو ئەو شتانەی کە مانای کەلتور دەگەیەنێت، وەك (بيرۆکە، بيروباوەڕ، دابونەريت، رەوت، بەها، شێوازی بيرکردنەوە، کارتێکەرە مێژوويیو جوگرافیو ژينگەييەکانو داهێنانە زمانەوانیو هونەرييەکان) کە گوزارشت لەسيمای کۆمەڵگەو خەسڵەتە ديارەکانی کۆمەڵگە دەکەنو لەکۆمەڵگەيەکی ديکەی جيادەکەنەوە، هەروەها تێکەڵبوون بەکەلتورەکانی ديکە، بەبێ سەرسامبوون يان توانەوە تێيدا.(عبيدي وبن طراد،57:2017)
- **(حسان، 2023):** بريتييە لەکۆمەڵێك پايەو توخمی کەلتوری کە بەهۆيەوە پێبەستبوونی کەلتوری کەسێك يان کۆمەڵە کەسێکی ديارکراو دەناسرێتەوە، کە لەجوگرافيايەکی ديارکراودا دەژينو ميراتيکی کەلتوری جياوازيان هەيە، وەك (مێژووی هاوبەش، زمان، دابونەريتی هاوبەشو خواستەکانی داهاتوو).(حسان،401:2023)

5.1 توێژينەوەکانی پێشوو

**1. توێژينەوەی (العرضاوي، 2024)**

بەناونيشانی (شوناسی کەلتوری لەرێگەی دراماى تەلەفزيۆنی ئيتاڵييەوە: توێژينەوەيەکی شيکارييە بۆ زنجيرە دراماى "هاوڕێ درەوشاوەکەم") کە بينەرانی سعوديە لەرێگەی پلاتفۆرمە ديجيتاڵييەکانەوە بەرێژەيەکی بەرفراوان تەماشايان کردووە، ئامانجی توێژينەوەکە زانينی شوناسی کەلتوری کۆمەڵگەی ئيتاڵی بووە لەرێگەی دەستنيشانکردنی ديارترين بەهاکانی پەيوەست بەشوناسی کەلتوری ئيتاڵی کە زنجيرە دراماکە لەخۆی گرتووەو شيکردنەويان، هەروەها دياريکردنی بەها هونەریو ميدياییو کۆمەڵايەتييەکان، کە لەزنجيرە دراماکەدا رەنگيداوەتەوەو شيکردنەويان. توێژينەوەکە ميتۆدی جۆرايەتیو شيکاری بابەتی بەکارهێناوە بۆ نموونەيەکی مەبەستدار لەزنجيرە دراماکە کە لە (24) ئەڵقەی دۆبلاژکراو بۆ زمانی عەرەبی پێکهاتووە بۆ سێ وەرز، بۆ هەر وەرزێك (8) ئەڵقە وەرگيراوەو هەر ئەڵقەيەکيش نزيکەی سەعاتێك بووە. توێژينەوەکە گەيشتۆتە ئەو ئەنجامەکەی کە لەزنجيرە دراماى "هاوڕێ درەوشاوەکەم"دا هەندێك بەهای ئەرێنی بەرجەستەکراوە کە رەنگدانەوەی شوناسی کەلتوری کۆمەڵگەی ئيتاڵی بووە، بەڵام لەهەمانکاتدا هەندێك بەهای ديکەی نەرێنی وەك (توندوتيژی، پياوسالاری، ناپاکی هاوسەرگيری، گەندەڵی، چينايەتی، فێمينيزم) بەرجەستەکراوە، بەپێی ئەنجامی توێژينەوەکە، بەهای هونەریو ميدياییو کۆمەڵايەتی لەدراماکەدا بەباشی رەنگيداتەوە، بەوپێيەی کە لەڕووی بەکارهێنانی (زمان، بەهێزی چيرۆك، گونجاوی هەڵبژاردنی کارەکتەرە سەرەکیو لاوەکييەکان، يەکپارچەيی ديالۆگ، بەهێزی ململانێو پاراستنی يەکگرتووی دراماتيکی بەدرێژايی هەرسێ بەشەکە) کاری باشی تێدا کراوە.(العرضاوي،10:2024)

**2. توێژينەوەی (عبدالرزاق، 2023)**

بەناونيشانی (وێنای خێزانی ميسری لەدراماى پلاتفۆرمە عەرەبييەکانو پەيوەندييان بەکێشەی شوناسی کەلتورييەوە: لێکۆڵينەوەيەکی شيکارييە بەجێبەجێکردن لەسەر پلاتفۆرمی شاهيد). ئامانجی توێژينەوەکە دەستنيشانکردنی ريزبەندی زۆرترين بينراوی زنجيرە دراماکانە لەسەر پلاتفۆرمی شاهيدی سەر بەزنجيرە کەناڵی MBC، لەگەڵ دەستنيشانکردنی ديارترين کارتێکەرەکانی وێنای خێزانی ميسری لەدراماکانی پلاتفۆرمی شاهيد. بەمەبەستی بەديهێنانی ئەم ئامانجانە توێژەر ميتۆدی وەسفی پاڵپشت بەشيکاری ناوەرۆکی بەکارهێناوە. لەوچوارچێوەيەشدا توێژەر چەند دەستەيەکی لەڕووی (شێوە، ناوەرۆك، ئامانج)ەوە دروستکردووە، بۆ (19) دراما کە وەك نموونەی توێژينەوەکە لەو دراماىانەيە وەرگيراون، کە لەماوەی (کۆتايی 2020 بۆ چارەکی يەکەمی 2023) لەپلاتفۆرمی شاهيد پەخشکراون، لەو رێگەيەشەوە داتاو زانيارييەکانی کۆکردۆتەوە. توێژينەوەکە گەيشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی کە زۆرينەی دراماکان بەرێژەی (36.8%) کە لەو ماوەيەدا لەپلاتفۆرمی شاهيدەوە پەخشکراون رەسەن بوونو (94.7%)ی نووسەری دەقەکانيش ميسری بوون، بەڵام دەرکەوتووە کە زۆربەی دەرهێنەرانی ميسری بەرێژەی

(84.2%) مەیلیان بەرەو قوتابخانەی ڕۆژئاوایە. بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکە میلۆدراما کە نزیکە لەئارەزووەکانی بینەرانەوە، زۆرترین ڕێژەی بەدەستهێناوەو پرسە کۆمەڵایەتییەکان لەپێشەنگدان بوونو کۆمیدیاش کەمترین ڕێژەی وەرگرتووە، بەکارهێنانی زاراوەی میســری لەنموونەی توێژینەوەکەدا زۆرترین ڕێژە (89.4%)ی بەدەســتهێناوە. دەرکەوتووە کە وێنای ژن لەدراماکانی نموونەی توێژینەوەکەدا، کەســێتییەکی ئەرێنی هەبووە بەڕێژەی (57.9%) لەپلەی یەکەمدابووە. هاوکات دڵەڕاوکێو ململانێی خێزانی لەپلەی یەکەمدا بووەو بەدوایدا هەڵوەشاندنەوەی خێزانیو جیابوونەوە یان مردن دێت.(عبدالرزاق،850:2023)

**3. توێژینەوەی (بومشعل، 2022)**

نامەیەکی ماستەرە بەناونیشانی (شوناسی کەلتوری لەڕێگەی دراماى تەلەفزیۆنی جەزائیرەوە: توێژینەوەیەکی شیکارییە لەسەر نموونەیەك لەئەڵقەکانی زنجیرەی (بن البلاد)ی کەناڵی ئەنەهر)، ئامانجی توێژینەوەکە زانینی پێکهاتەو پایە جیاوازەکانی شوناسی کەلتوری جەزائیری بووە کە لەزنجیرە دراماى (بنت البلاد)دا هاتووە، ئەویش لەڕێگەی زانینی جۆری زمانو جۆرو سروشتی ئەو میوزیکەی کە لەزنجیرەکەدا بەکارهێنراوە، سەرباری ڕۆشنایی خستنەسەر ئەوەی کە چۆن دەرهێنانی هونەری شوناسی کەلتوری جەزائیری بەرجەستەکردووە، هەروەها تیشك خستنەسەر پێکهاتەو تایبەتمەندی هەمەلایەنی شوناسی کەلتوری جەزائیری لەدراماى تەلەفزیۆنیدا. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە توێژینەوەکە پشتی بەمیتۆدی وەسفی پاڵپشت بەڕێبازی شیکاری ناوەڕۆك بەستووە لەگەڵ تێبینیکردن وەك ئامرازێك بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر نموونەی توێژینەوەکە، کە (6) ئەڵقەی دراماکەبووەو بەشێوەیەکی هەڕەمەکی ڕێکخراو هەڵبژێردراون. توێژینەوەکە گەیشتووە بەو ئەنجامەی کە زنجیرەی (بنت البلاد) ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لەبەرجەستەکردنی کۆمەڵێك بەهای کەلتوری کە خۆی لە (جلوبەرگ، خواردن، هاوسەرگیری، دابونەریت)دا دەبینێتەوە، هەروەها زمانی عەرەبی بەشێوەزارە جیاوازەکانی جەزائیر بەکارهێناوە، کە نوێنەرایەتی تایبەتمەندی شوناسی کەلتوری جەزائیر دەکات، لەگەڵ بەکارهێنانی میوزیکێکی ئارام و دیکۆرێکی نەریتیو هەمەچەشنی ڕەنگو گرنگیدان بەهەندێك بابەتی باو لەکۆمەڵگەی جەزائیریو ئاماژەدان بەباڵا دەستی بەها ئاکارییەکان بەسەر بەها کۆمەڵایەتیو کەلتورییەکان.(بومشعل وبوخملة،9:2022)

**4. توێژینەوەی (زادە، 2022)**

بەناونیشانی (نوێنەرایەتیکردنی شوناسی ئێرانی لەزنجیرەی تەلەفزیۆنی "هەزار داستان" بەڕێبازی شیکاری هێمایی)، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی چۆنیەتی نوێنەرایەتیکردنی پێکهێنەرەکانی شوناسی ئێرانییە لەزنجیرەی هەزار داستان، هەروەها دەستنیشانکردنی ئەو هێما کۆمەڵایەتیو هونەریو ئایدۆلۆژییانەی کە نوێنەرایەتی شوناسی ئێران دەکەن لەزنجیرەکەدا. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە، توێژەر میتۆدی وەسفی پاڵپشت بەڕێبازی شیکاری هێمایی بەکارهێناوە، هەروەها لەتیۆرەکانی پەیوەست بەنوێنەرایەتیو کردەی میدیایی کەڵك وەرگیراوەو یەکەکانی شیکاری دیاریکراونو (20) دیمەنی زنجیرە دراماکە بەشێوەیەکی مەبەستدار وەك نموونەی توێژینەوەکە هەڵبژێردراون. لەکۆتاییدا توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە لەم زنجیرە درامایەدا کۆمەڵگەی ئێرانی لەکەشێکی دژ بەیەك لەنێوان نەریتو مۆدێرنیتەدا پیشاندراوە، هەروەها دوو جۆر کارکتەریش دەبینرێت، یەکێکیان ئەوانەن کە نەریتینو باوەڕیان بەڕابردوو هەیە، ئەوی دیکەیان ئەوانەن کە مۆدێرنیستن. بەشێك لەوێنەکانو هێماکانی ناو دراماکە کاریگەرییان لەسەر بنیاتنانی شوناس هەیە، توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی کە دراماى "هەزار داستان" پاشخانێکی مێژوویی هەیەو کار بۆ دروستکردنی لایەنی ئەرێنیو نەرێنی جیاواز لەشوناسی ئێرانی دەکات، شوناسی کارەکتەرەکانی لەچاکەو خراپەی ڕەهاوە بەرەو شەبەنگی خۆڵەمێشی پاڵ دەنێت.(زادە وآخرون،36:2022)

**5. توێژینەوەی (علی، 2021)**

بەناونیشانی (کاریگەری دراماى تەلەفزیۆنی لەسەر دیاردەی توندوتیژی لای گەنجانی قاهیرە)، ئامانجی توێژینەوەکە زانینی ئاستی بەشداریکردنی دراماى تەلەفزیۆنییە لەدروستکردنی دیاردەی توندوتیژی لەشەقامی میسری بەگشتیو زیادبوونی دیاردەکە

لەڕووی توندوتیژی جەستەییو رەفتاری شەڕانگێزی لەناو گەنجاندا، هەروەها چەسپاندنی بیرۆکەی وەرگرتنی مافەکان بەزەبری هێز لەناو گەنجاندا بەبێ پەنابردن بۆ یاسا. بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانە توێژینەوەکە پشتی بەمیتۆدی وەسفی شیکاری بەستووەو لەڕێگەی چاوپێکەوتنو فۆرمی راپرسی کە بەسەر نموونەیەکی (150) کەسی لەگەنجانی دانیشتووی قاهیرە دابەشکراوە، داتاو زانیارییەکان کۆکراونەتەوە، پاشان لەڕێگەی بەرنامەی (SPSS)ەوە داتاکانی شیکراونەتەوە. توێژینەوەکە گەیشتوتە ئەو ئەنجامەی کە دراماى تەلەفزیۆنی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بڵاوبوونەوەی دیاردەی توندوتیژی لەناو گەنجاندا هەیە، زۆرترین رێژەی گەنجانی نموونەی توێژینەوەکە پێیانوابووە کە دراماى تەلەفزیۆنی یارمەتیدەر بووە لەزیادبوونی رەفتاری شەڕانگێزیو توندوتیژی جەستەیی لەناو گەنجاندا، توێژینەوەکە گەیشتوتە ئەو دەرئەنجامەی کە دراماى تەلەفزیۆنی رۆڵی هەیە لەبڵاوبوونەوەی دیاردەی قسەی ناشرینو بەکارهێنانی زمانی قێزەون لەناو گەنجاندا.(علی وآخرون،132:2021)

**6. توێژینەوەی (همدانی، 2018)**

بەناونیشانی (شیکاری ناوەڕۆکی زنجیرەی تەلەفزیۆنی کیمیا لەڕوانگەی توندوتیژی خێزانییەوە)، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینو دیاریکردنی جۆرەکانی توندوتیژی خێزانییە کە بەشێوازی (زارەکی، هێمایی، جەستەییو سێکسی) لەزنجیرەی تەلەفزیۆنی کیمیادا هاتووە. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی شیکاریو شێوازی چۆنایەتی بەکارهێناوە. لەکۆتاییدا گەیشتوتە ئەو ئەنجامەی کە لەزنجیرەی تەلەفزیۆنی کیمیادا (60) حاڵەتی توندوتیژی خێزای بەدیکراوەو توندوتیژی زارەکی بەدووبارەبوونەوەی (36) حاڵەت زۆرترین رێژەی داگیرکردووە. توێژینەوەکە گەیشتوتە ئەو دەرئەنجامەی کە حاڵەتەکانی توندوتیژی خێزانی لەزنجیرەی تەلەفزیۆنی کیمیادا لەگەڵ ئەو لێکۆڵینەوانەی لەم بوارەدا ئەنجامدراون یەکدەگرنەوە، گوتاری کارەکتەرەکان بەمەبەست بێ یان بێ مەبەست لەپاشخانێکی کەلتوری باڵادەستیو شەرانگێزییەوە سەرچاوەی گرتووە.(همداني وآخرون،139:2018)

**سەرنجدان لەسەر توێژینەوەکانی پێشوو**

1. توێژینەوەی (عبدالرزاق، 2023) باسی لەڕۆڵی دراماى پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان کردووە لەسەر شوناسی کەلتووری، هەروەها توێژینەوەکانی (زادە، 2022)و (علی، 2021)و (همدانی، 2018) باسیان لەکاریگەریو رۆڵی دراماى تەلەفزیۆنی لەسەر توندوتیژی لای گەنجانو توندوتیژی خێزانیو شوناسی نەتەوەیی کردووە، هیچ کام لەتوێژینەوەکان بەدیاریکراوی باسی کاریگەری دراماى تەلەفزیۆنیان لەسەر شوناسی کەلتوری نەکردووە، ئەمەش توێژینەوەی ئێستا لەتوێژینەوەکانی پێشوو جیادەکاتەوە.
2. هەریەك لەتوێژینەوەکانی (العرضاوی، 2024)و (بومشعل، 2022) نزیکن لەتوێژینەوەی ئێستاوە، بەڵام لەڕووی ناونیشانو جێبەجێکردنەوە جیاوازن، توێژینەوەی (العرضاوی، 2024) لەسەر کۆمەڵگەی ئیتاڵیو توێژینەوەی (بومشعل، 2022) لەسەر کۆمەڵگەی جەزائیری جێبەجێکراوە، لەکاتێکدا توێژینەوەی ئێستا لەسەر کۆمەڵگەی کوردی جێبەجێکراوە.
3. لەڕووی میتۆدەوە، توێژینەوەکانی (العرضاوی، 2024)و (عبدالرزاق، 2023)و (بومشعل، 2022)و (زادە، 2022)و (همدانی، 2018)، میتۆدی وەسفی پاڵپشت بەشیکاری ناوەڕۆکیان بەکارهێناوە، بەڵام توێژینەوەی (علی، 2021) میتۆدی وەسفی شیکاریو فۆرمی راپرسی بەکارهێناوە، توێژینەوەی ئێستا بەسوودوەرگرتن لەتوێژینەوەکانی پێشوو، میتۆدی وەسفی پاڵپشت بەڕێبازی شیکاری ناوەڕۆکی بەکارهێناوە.
4. لەڕووی کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوەوە، زۆرینەی توێژینەوەکان چەند ئەڵقەیەك یان چەند زنجیرەیەك لەدراما تەلەفزیۆنییەکانیان وەك نموونە بەکارهێناوەو شیکاری ناوەڕۆکیان بۆ کردووە، بەڵام توێژینەوەی (علی، 2021) ژمارەیەك لەگەنجانی میسری وەك نموونەی توێژینەوەکە وەرگرتووە، توێژینەوەی ئێستا سوودی لەنموونەی توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرتووە، بەڵام کۆمەڵگەی توێژینەوەکان جیاوازن.

5. لەرووی ئامانج و ئامرازو کەرەستەی ئامارییەوە، توێژینەوەی ئێستا بەشێوازی جیاواز سوودی لەسەرجەم توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرتووە.

بەشی دووەم / چوارچێوەی تیۆری (دراماى تەلەفزیۆنیو شوناسی کەلتوری)

1.1.2 دەروازەی تیۆری توێژینەوەکە

**تیۆری چاندنی رۆشـــنبیری:** بریتییە لەوێناکردنی کرداری ئەو بیرۆکانەی کە تایبەتن بەپرۆســـەکانی بنیاتنانی ماناو دارشـــتنی راســـتییە کۆمەڵایەتییەکانو راهێنان لەرێگەی تێبینیکردنو ئەو ئەرکانەی ئامرازەکانی راگەیاندن لەم بوارانەدا ئەنجامی دەدەن. بەپێی ئەم تیۆرە ئامرازە جەماوەرییەکان کاریگەرییان لەسەر تێروانینی مرۆڤەکان بۆ جیهانی دەرەوە هەیە، بەتایبەتی ئەوانەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر بەرکەوتەی ئەم ئامرازانە دەبن.(الحاج،131:2020)

**گریمانە سەرەکییەکانی تیۆری چاندن**

1. تەلەفزیۆن ئـامرازێکی نـاوازەیە بۆ چـانـدنی کەلتوری؛ بەراورد بەئـامرازەکـانی دیکەی میـدیـا، بەهۆی بوونی بەربڵاوی لەماڵەکانو ئاسانکاری بەکارهێنانو بەرکەوتن لەگەڵیدا.
2. ئەو پەیامو وێنە هزرییانەی لەتەلەفزیۆنەوە پێشـکەشــدەکرێن، گوزارشــت لەرەوتی باوی کەلتور دەکەن، هاوکات جیاوازی بەهاو هەڵوێست لەنێوان بینەراندا کەمدەکاتەوە، تا ئەو رادەیەی کە بینەر پێیوایە دۆخی کۆمەڵایەتی ئەو شێوازە پەیرەو دەکات کە لەجیهانی تەلەفزیۆندا گوزارشتی لێدەکرێت (عبدالحمید،334:2005)
3. شـــیکاری نـاوەرۆکی مادە میدیاییەکان یەکێکە لەکلیکە گرنگەکان بۆ تێگەیشـــتن لەپرۆســـەی چاندن؛ جۆرج گرێبنەرو هاوکارەکانی پێیانوایە پرسیارنامەی راپرسی یان گەرانی سەرپێی بۆ پرۆسەی چاندن گونجاو نییە، بەڵکو شیکاری ناوەرۆك لەرێگەی کرداری روپێوییەوە بەکاربهێنرێت کە رەنگدانەوەی ناوەرۆکە جیاوازەکانی ژانرەکانی تەلەفزیۆن بێت.
4. چاندن گرنگی بەرۆڵی تەلەفزیۆن لەدارشـــتنی بیرکردنەوەو هەڵوێســـتی بینەرو ئاراســـتەکانی بەرامبەر بەدۆزە جیاوازەکان دەدات، لێرەدا ئەرکی ســـەرەکی شـــیکاری چاندن بریتییە لەدیاریکردنی ئەوەی تا چ رادەیەك پەیامی دیاریکراو دەتوانێت بەشـــداری لەدروســـتکردنی بیروباوەری دۆخی کۆمەڵایەتی لای تاکەکان بکات، بەشـــێوەیەك کە لەگەڵ زۆربەی بەهاو وێنە هزرییەکانی ناو ئەو پەیامانەدا بگونجێت.(الحاج،132:2020)
5. بەرکەوتنی دووبارە بەو وێنانەی کە لەرێگەی ژانرەکانی تەلەفزیۆنەوە دەربارەی دۆخی راستەقینەو کۆمەڵگە پێشکەشدەکرێن، تێگەیشـتنێك لای بینەر دروسـت دەکەن، کە وێنای دۆخە راسـتەقینەکە هاوشـێوەی ئەو وێنانە ببینێت کە تەلەفزیۆن پێشـکەشـی دەکات.
6. ئەوانەی زۆرترین بەرکەوتنیان لەگەڵ تەلەفزیۆن هەیە (بینەرە قورســەکان)، بەشـێوەیەك لەدۆخی کۆمەڵایەتی تێدەگەن، کە بیگونجێنن لەگەڵ ئەو وێنەیەی کە تەلەفزیۆن لەبارەی ئەم دۆخەوە پیشـــانی دەدات. بەواتایەکی دیکە ئەوکەســـانەی زۆرتر تەماشـای تەلەفزیۆن دەکەن، زیاتر ئەو بیرۆکەو بیروباوەرانە پەسـەند دەکەن کە لەتەلەفزیۆنەوە دەربارەی دۆخی راسـتەقینەو کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە پێشـــکەش دەکرێن، بەراورد بەوانەی کە بەشـــێوەیەکی کەمتر ســـەیری تەلەفزیۆن دەکەن، لەبەرئەوە تیۆری چاندنی کەلتوری، لەسـادەترین شـێوەی خۆیدا جەختی لەسـەر ئەوە دەکاتەوە کە بەرکەوتن بەتەلەفزیۆن بەتێپەربوونی کات تێگەیشتنی بینەران بۆ واقیع دەچێنێتو تەنانەت کاریگەری لەسەر کۆی کەلتورەکەیان دەبێت.

بەپێی ئەم تیۆرە دەتوانین بڵێین: بەرکەوتنی بینەرانی کورد بەدراماى "گورگەکان" کە لەسەر شاشەی کەناڵی ئاسمانی کوردماکس پەخشـــکرا، بەشـــێوەیەکی زۆرو دووبـارەبوونەوەی وایـان لێـدەکـات ئەو بیرۆکەو بەهـاو نـاوەرۆکو پەیـامـانەی لەدراماکەوە بەدەستیانهێناوە کاریگەری هەبێت لەسەر دارشتنی شوناسی کەلتورییان.

2.1.2 دراماى تەلەفزیۆنی

sjh@univsul.edu.iq

دراما بۆئەوە هاتۆتە مەیدان کە بەپێی ئەو میدیایەی بەکاریدەهێنێت نمایش بکرێت، جا شـــانۆ بێت یان ســـینەما یاخود تەلەفزیۆن. ئەگەر هاتوو ئەو خوێندنەوەیەی کە دراما دەیکات خزمەت بەئـامـانجەکەی نەکـات، بەخوێندنەوەیەکی نـاتەواو دادەنرێت، چونکە بەهای راستەقینەی ئەوکاتە سەر هەڵدەدات کە لەڕووی هونەرییەوە بەرجەستە بکرێت.

درامای تەلەفزیۆنی جیاوازە لەڕادیۆ و شانۆ و تەنانەت لەسینەماش، درامای رادیۆو تەلەفزیۆن لەبازنەی خێزانو ماڵو خوێندنگەو یانەو هاوشـــێوەکانی دەبیســـترێنو دەبینرێن، تا ئەو دوو ئامێرە لەماڵەکاندا بوونیان هەبێت، گوێگرتن لەیەکێك یان تەماشـــاکردنی ئەوی دیکەیان بۆ هەموو ئەندامانی خێزانەکە (گەنج، پیر، منداڵ) بەردەستدەبێت، ئەمەش پێویستی بەوەیە کە ئەو بابەتانەی پەخش دەکرێن لەگەڵ دابونەریت ناکۆك نەبنو لەیاسا ئاکارییەکان لا نەدەن.(النمر والبطریق،2019:35-36)

3.1.2 تایبەتمەندییەکانی درامای تەلەفزیۆنی

درامای تەلەفزیۆنی ســـودی لەتایبەتمەندییەکانی تەلەفزیۆن وەرگرتووە بۆ بنیاتنانی مادەی دراماتیکی کە خاوەنی کەرەســـتەی کاریگەر بێت:(الحاج،2020:18)،(شاهین،2014:85)

1. تەلەفزیۆن یەکێکە لەئامرازە جەماوەرییەکان کە لەتاکەوە نزیکە، بەوپێیەی کە بینینو رەنگـو دەنگـو جوڵە تێکەڵ دەکات.
2. تەلەفزیۆن لەڕێگەی وێنەوە مامەڵە لەگەڵ بینەر دەکات، کە بەندە بەبینینو بەدوایدا بیســـتن دێت، وێنەو جوڵە دوو بنەمای سەرەکی درامای تەلەفزیۆنین، ناوەڕۆکی وێنەو جوڵەش لەتەلەفزیۆندا ناوەڕۆکێکی واقیعییە، نەك ئەندێشەیی.
3. بابەتەکانی درامای تەلەفزیۆنی بابەتی ژیانو پرسە هاوچەرخەکانن.
4. کاری دەستیو سروشتی تەلەفزیۆن یەکێکە لەتایبەتمەندییە دیارەکانی درامای تەلەفزیۆنی.
5. تەلەفزیۆن مەیلی بەچارەسەری بنەمادار بەگێڕانەوە هەیە نەك شێوەکانی شیکاری.
6. شـــوێن توخمێکی ســـەرەکییە لەدرامای تەلەفزیۆنیو بەرجەســـتەکردنی دراماتیکدا، تەکنەلۆجیا کاریگەری هەبووە لەســـەر بەرزکردنەوەی بەهای شوێن لەکاری دراماتیکدا.

4.1.2 پۆلێنکردنی درامای تەلەفزیۆنی

دەکرێت درامای تەلەفزیۆنی بەسەر دوو ئاستی سەرەکیدا دابەش بکرێت:(الكعبي،2019:41):

**یەکەم / پۆلێنکردنی درامای تەلەفزیۆنی بەپێی شێوەی درامی:**

1. **کۆمیدی:** جۆرێکە لەدراما کە لەڕێگەی ئەکتەری گاڵتەچییەوە بەرجەستە دەکرێت، مەبەست لێی کاتبەسەربردنەو ئامانجی ئەوەیە کەشێکی پێکەنیناوی بۆ بینەر دروست بکات.
2. **تراژیدیا:** جۆرێکە لەدراما کە سەختیو نارەحەتیو ئازارەکان بەرجەستە دەکات، کە لەژیاندا رووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوەو تووشی دەبێت، رووداوەکە بەکارەساتێکی تراژیدیا کۆتایی دێت.
3. **میلۆدراما:** ئەو جۆرەی درامایە کە پەیوەســـتە بەفەنتازیاو وروژاندنو رووداوەکانەوەو رێککەوتەکان تێیدا دووبارە دەبنەوە، لێرەدا کارەکتەرەکان زیادەڕۆی پیشان دەدەن، کە لەچەشنە چەقبەستووەکانەوە سەرچاوە دەگرن.

**دووەم / پۆلێنکردنی دراما بەپێی قاڵبی هونەری:**

بەپێی چەند پێوەرێك، درامای تەلەفزیۆنی بۆ چەند شێوەیەك دابەشدەکرێت:

1. **شـانۆگەری:** بەیەکێك لەکۆنترین شـێوەکانی دراماتیك دادەنرێت، لەسـەردەمی یۆنانی کۆندا بەشـێوەی تراژیدیا دەرکەوتووە، بەڵام دواتر وەك شێوەیەکی دراما گەشەیکردووەو شێوەی دیکەی لەخۆگرتووە، لەم سەردەمەدا شانۆگەری رادیۆیی هەیە، کە لەســـەر بنەمای تەکنیكو زمانی تایبەت بەخۆی وەك ئامرازێکی میدیایی داڕێژراوە، شـانۆگەری تەلەفزیۆنیش هەیە، لەلایەن دامەزراوە حکومیو نـاحکومییەکانو کەنـاڵەکانی تەلەفزیۆنەوە بۆ مـاوەیەکی دیـاریکراو بەرهەم دەهێنرێتو بەشـــێوەیەکی

راستەوخۆ لەسەر شانۆ پیشاندەدرێت، ئەگەر ماوەیەکی زۆر بخایەنێت، بەکامێرا تۆمار دەکرێتو لەشاشەی تەلەفزیۆنەوە پیشاندەدرێت.

2. **نواندن:** بریتییە لەکارێکی هونەری تێروتەسەل لەڕووی چیرۆكو رووداوەوە، جۆرێکی هونەری بەربڵاوە، لەخولگەی بیرۆکەیەکی روونو لۆژیکیدا دەسورێتەوە، چیرۆکێکە لەلایەن کۆمەڵێك کارەکتەری هاوشێوەی کارەکتەرەکانی ژیانی راستەقینە دەگێڕدرێتەوە، لەنێوانیاندا دیالۆگێك رووددات کە تایبەتمەندی راستەقینەی هەیەو پێویستە کارەکتەرەکە ئەو خەسڵەتەی هەبێت بۆئەوەی سەرنجڕاکێشی بکات. ماوەی نواندنی رادیۆیی لەنێوان (20-40) خولەكو تەلەفزیۆنیش لەنێوان (30-90) خولەکدایە.

3. **زنجیرە: دووجۆری هەیە:**

- **گرێدراو:** بریتییە لەکۆمەڵێك ئەڵقەی نواندنی یەك لەدوای یەك، کە هەر یەك لەم ئەڵقانە بەشێوەیەکی لۆژیکی تەواوکەری ئەڵقەی دوای خۆی دەبێتو بەبابەتێکی وروژێنەر یان سەرنجڕاکێش کۆتایی دێت، بۆئەوەی وا لەبینەر بکات ئارەزووی بۆ ئەڵقەکانی داهاتوو هەبێتو لەگەڵ زنجیرەکەدا بمێنێتەوە. زنجیرەکان رۆژانە یان هەفتانە پەخشدەکرێن، دەکرێت لەحەوت ئەڵقە پێکهاتبێتو رۆژانە لەماوەی هەفتەیەکدا پەخش بکرێت یان لەسی ئەڵقە کە لەماوەی مانگێکدا پەخش بکرێت. یاخود لە (13 بۆ 26) ئەڵقە پێکهاتبێتو هەفتانە پەخش بکرێت.
- **سەربەخۆ:** تەوەرێکی دراماتیکییەو کۆمەڵێك رووداو لەخۆدەگرێت، ئەگەرچی هەموو رووداوەکان بەیەك بیرۆکە، یەك کارەکتەر یان کۆمەڵێك کارەکتەر رێکدەخرێن، بەڵام هەریەك لەرووداوەکان سەربەخۆیی خۆیان هەیە. بەواتایەکی دیکە بەستەرەکانی ناو زنجیرەکە جیاوازن، هەر بەستەرێك کۆتایی خۆی هەیە، بەمەش هەر بەستەرێك سەرەتاو ناوەڕاستو کۆتایی لەخۆدەگرێت.

4. **فیلم:** دەکرێت سینەمایی یان تەلەفزیۆنی بێت، بەڵام جیاوازییەکی زۆر لەڕووی شێوازی بەرهەمهێنانو تەکنیك لەنێوانیاندا هەیە. فیلمی سینەمایی بەرهەمێکی دراماتیکە کە لەستۆدیۆکانی فیلمسازیدا رووددەداتو جیاوازییەکی زۆری لەبەرهەمهێنانی تەلەفزیۆنی هەیە، هەروەها لەڕووی تێچوونیشەوە فیلمی تەلەفزیۆنی بەراورد بەفیلمی سینەمایی کەمتری تێدەچێت.

5.1.2 بنەماکانی درامای تەلەفزیۆنی

لایەنە سەرەکییەکانی بنیاتنانی درامای تەلەفزیۆنی، کە بریتین لە:(النمر والبطريق،2019:45-72)

1. **بیرۆکە:** ئەو توخمەیە کە بەشەکانی دراماکە پێکەوە دەبەستێتەوە، رەنگە تا گەیشتن بەکۆتایی چەند جارێك دەستکاری هێڵی گشتی چیرۆکەکە بکرێت، ئەمەش پێویستی بەڕوونیو یەکگرتوویی بیرۆکەکە هەیە، یەکێك لەتوخمە گرنگەکانی بیرۆکە ئەوەیە کە هەڵگری بەهای گشتی مرۆیی، راستگۆیی، بابەتی بێتو پەیوەندی بەپرسێکەوە هەبێت کە رووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوەو پشت بەوروژاندنی هەستەکان ببەستێت، بەشێوەیەك کە سەرکەوتنی دراماکە مسۆگەر بکات. مەرج نییە بیرۆکەکە نوێ یان داهێنەرانە بێت، بەڵکو پێویستە لەڕووی گوزارشتو هەستکردنو تێگەیشتنەوە روونو ئاسان بێت.
2. **گرێ:** بریتییە لەڕیزبەندی رووداوەکان، بەجۆرێك کە لەویژدانی بینەردا هەستێك دروست دەکات، کە پێیوایە رووداوەکان بەشێوەیەکی خۆرسك روویانداوە، ریزبەندی رووداوەکان بەجۆرێك دەکرێت، کە ئەگەر یەکێك لەڕووداوەکان بسڕدرێتەوە یان شوێنەکەی بگۆڕدرێت، کاری دراماکە لەڕووی پێکهاتەوە تێکدەچێت. هەربۆیە (ئەرستۆ) گرێ لەتوخمە پێکهێنەرەکانی دراما دادەنێت، چونکە پلانی کارەکەیەو لەڕێگەیەوە ئەکتەرەکان دەتوانن رۆڵو بیرکردنەوەکانیان ئاشکرا بکەن. پێویستە لەکاتی دارشتنی گرێی دراماتیکدا رەچاوی ئەم توخمانە بکرێت: دیمەنی دەستپێکردن، ئاڵۆزییەکان، قەیرانی کۆتایی، چارەسەر، گرێی ئامانج، گرێی بڕیار، گرێی ئامانجو بڕیار، ململانێ (ململانێی بێدەنگ، ململانێی بازدان، ململانێی هەڵکشاو).

3. **کارەکتەرەکان:** هەڵبژاردنی کارەکتەرەکان یەکێکە لەقۆناغە گرنگەکانی دەستپێکردنی سیناریۆ، کاری دراماتیك لەڕێگەی سینەماو تەلەفزیۆنەوە، کارێکی نواندنە کە لەڕێگەی کارەکتەرەکانەوە ئەنجامدەدرێتو هەر کارەکتەرێکی رووداوەکە ئەرکێکی دیاریکراوی هەیە لەپاڵنانی ئەو بارودۆخانەی پەیوەندیدارن بەڕووداوەکەوە. کارەکتەری دراما سێ رەهەندی هەیە، ئەوانیش:

- رەهەندی جەستەیی (تەمەن، باڵا، کێش، رەنگی قژ، رەنگی چاو، پێست، باڵا، رواڵەت، کەشخەیی، تەندروستیو بارودۆخی بۆماوەیی) دەگرێتەوە.
- رەهەندی کۆمەڵایەتی: (چینایەتی، جۆری کار، پەروەردە، ژیانی خێزانی، پێگەی کۆمەڵایەتی، بەرژەوەندی کەلتوری، ئاین، چالاکی سیاسی، خولیاو شێوەکانی کاتبەسەربردن، خوێندنەوەو دابونەریت) دەگرێتەوە .
- رەهەندی دەروونی: هەموو شتێك لەخۆدەگرێت کە پەیوەندی بەباری دەروونیو ئامانجو ئاواتو تواناکانەوە هەیە.

کارەکتەری درامی بەپێی گرنگی رۆڵەکەی دەکرێت بەسێ جۆرەوە، ئەوانیش: کارەکتەرەی سەرەکی، کارەکتەری لاوەکیو کۆمپارس (ئەو ئەکتەرانەی کە تەنیا دەرکەوتنیان هەیەو هیچ دیالۆگێکیان نییە).

4. **دیالۆگ:** ئەو ئامرازەیە کە سروشتی هەر کارەکتەرێکو پەیوەندییان لەگەڵ کارەکتەرەکانی دیکە ئاشکرا دەکات، بەهۆیەوە بیرۆکەکان روون دەبنەوەو زانیاری بۆ بینەر دەخرێتەڕوو بۆئەوەی بەدوای دراماکەدا بچێت. سێ مەرجی سەرەکی هەیە کە پێویستە نووسەر لەکاتی نووسینی دراماکەدا رەچاوی بکات: گونجاوی دیالۆگەکان لەگەڵ کارەکتەرەکاندا، هاوئاهەنگی ریتمەکەو بەکارهێنانی زمانی دروست.

چەند توخمێکی دیکەی درامای تەلەفزیۆنی کە گرنگە نووسەرو دەرهێنەر ئاگاداریان بێت:(الحاج،2020:72-77)

5. **دیمەنی ناچاری:** ئەو دیمەنەیە کە هەمووان چاوەڕوانی دەکەنو نووسەر بەڵێنی پێداوین، ناتوانێت دەستبەرداری بێت یان لەریزبەندی زنجیرەی رووداوەکاندا بەدەری بکات، چونکە دراماکە ناتەواو دەبێت.
6. **لایەنە هونەرییەکان:** توخمەکانی (پێشەکی - پرۆمۆ، چوارچێوەی شوێنکات، ئاماژەی دەنگی، جلوبەرگو جوانکاری، رووناکی، دیکۆر، گۆشەی وێنەگرتن، جوڵەی کامێرا، قەبارەی گرتەکانو چەند رەگەزێکی دیکە) دەگرێتەوە.

6.1.2 کاریگەری درامای تەلەفزیۆنی لەسەر بینەران

سەرباری سەرهەڵدانی ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن، بەڵام هێشتا تەلەفزیۆن لەزۆربەی ماڵەکاندایەو کاریگەری قوڵی لەسەر بیرکردنەوەی تاکەکان هەیە. لەدرامای تەلەفزیۆنیدا نووسەر دەیەوێت چیرۆکێك لەبەردەم بینەردا بگێڕێتەوە کە سەرنجڕاکێشو وروژێنەر بێتو پێویست نەکات کەناڵەکە بگۆڕێت یان تەلەفزیۆنەکەی بکوژێنێتەوە. هاتنی تەکنەلۆجیای دیجیتاڵی بایەخو گرنگی کەناڵە ئاسمانییەکانی زیاترکردووەو بینەران خێراترو ئاسانتر دەستیان بەدراما تەلەفزیۆنییەکان دەگاتو دەتوانن بۆ چەندجارێك دووبارە دراماکە تەماشا بکەنەوە. هەربۆیە کاریگەرییەکانی تەلەفزیۆن لەسەر هەڵسوکەوتو رەفتاری بینەران تادێت زیاتر دەبێت، ئەوەش لەڕێگەی پەخشکردنی ئەو فیلمو درامایانەی کە ناوەڕۆكو بیرۆکەو بەهای جۆراوجۆریان هەڵگرتووە، قەبارەی کاریگەرییەکە بەپێی قەبارەی بینەرەکانی دەگۆڕێت، تا ژمارەی بینەرەکان زیاتر بن، قەبارەی کاریگەرییەکەش زیاتر دەبێت. هەروەها ئەوانەی زۆرتر تەماشای تەلەفزیۆن دەکەن، زیاتر دەکەونە ژێر کاریگەرییەکانی تەلەفزیۆنەوە، بەراورد بەوکەسانەی کە هەندێکجار بۆ کاتبەسەربردن تەماشای دەکەن . ئەو درامایانەی کە تەلەفزیۆن بەشێوەی نواندن، فیلمو شانۆگەری پێشکەشی بینەرەکانی دەکات، رۆڵێکی گرنگیان هەیە لەپرۆسەی دارشتنی رەفتاری تاکەکەسیو کۆمەڵایەتی لەو کۆمەڵگەیانەی کە تێیدا بەرهەمدەهێنرێت.(النمر والبطريق،2019:37-41)

**بەشێوەیەکی گشتی کاریگەرییەکانی درامای تەلەفزیۆنی لەسەر کۆمەڵگە دەکرێت بەدوو بەشەوە:(الكعبی،2019:74-96)**

1. **کاریگەرییە نەرێنییەکان:** چەندین بابەتی وەك (بڵاوکردنەوەی کەلتوری بەکاربردن، وابەستەکردنی کۆمەڵگە بۆ چەندین وێنای نا واقیعی، شێواندنی رووداوە مێژووییەکان، دەنگۆی لادانی سێکسی، کاتبەفیرۆدانو سەرقاڵکردنی دەروون بەدۆخێکی دیاریکراو، سوکایەتی بەهەندێك لەچینو توێژەکان بەتایبەت کەمئەندامانو کەمدەرامەتان، شێواندنی وێنای ژنانو رۆڵی کۆمەڵایەتییان، دروستکردنی نموونەو پێشەنگی خراپ، زیادەڕۆی لەپیشاندانی حاڵەتە نائاساییەکانو داهێنانی حاڵەتی نوێ، کاریگەری نەرێنی لەسەر منداڵانو پەرەپێدان بەدزەکردنی کەلتوری) دەگرێتەوە.
2. **کاریگەرییە ئەرێنییەکان:** چەندین بابەتی وەك (زیندووکردنەوەی رووداو و هێما مێژووییەکان، پەرەپێدانی ئەزموونی کۆمەڵایەتی، رەخنە لەگەندەڵیو کەموکورییەکانی حکومەت) دەگرێتەوە.

2.2 شوناسی کەلتوری

1.2.2 خەسڵەتەکانی شوناس:

شوناس لەسەر ئاستی تاکەکەسیو بەکۆمەڵ چەند خەسڵەتێکی هەیە، کە دەکرێت بەمشێوەیە بخرێتەڕوو:(السيد،433:2022)

1. شوناس بەردەوام لەگۆڕانو دروستبووندایە، بەهۆی کارتێکەرە دەرەکییەکان بەتایبەت ئەو کەلتورەی هەژموونی بەسەر جیهاندا هەیە.
2. هەروەکچۆن شوناس پەیوەستە بەڕابردووەوە، بەهەمانشێوە پەیوەندیداریشە بەداهاتووەو لەکاتی قەیراندا، گەلو نەتەوەو کۆمەڵەکان وەك دواین رێگاچارە پەنای بۆ دەبەن.
3. بیرۆکەی شوناس زۆر بەقوڵی پەیوەستە بەبیرۆکەی کەلتورەوە، هەربۆیە دەتوانرێت شوناس لەسەرتاسەری کەلتورە سەرەکییەکاندا دابڕێژرێت.
4. شوناسی تاك لەچەند ئاستێك پێکدێت: خودهۆشیاری، هەستکردن بەتایبەتمەندی، بوونی ئیرادەو رۆشنبیری بۆ تێگەیشتن لەخودو دەوروبەرو جیهان.
5. شوناسی بەکۆمەڵ؛ لێکچوونو تێکەڵبوونە لەگەڵ گروپەکانو ئەو تاکانەی کە فۆرمێکی گشتی دیاریکراو پێکدەهێنن.
6. شوناس چەندین جۆری هەیە: نەتەوەیی، کەلتوری، سیاسی، هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ رەهەندی بەکۆمەڵ، لەکاتێکدا دەستەواژەی شوناس تەنیا ئاماژەیە بۆ رەهەندی تاکەکەسی.

2.2.2 ئەرکەکانی شوناس

شوناس سێ ئەرکی بنەڕەتی ئەنجامدەدات:(بومشعل،52:2022)

1. **ئەرکی ئاکاری:** شوناس رۆڵێکی گرنگی هەیە لەسەر ئاستی تاکەکەسیو بەکۆمەڵ، وایان لێدەکات بتوانن "خودناسی" خۆیان بپارێزنو لەڕێگەیەوە کەسانی دیکەش بناسن، چونکە نەبوون یان پچڕانی "خودناسی" دەبێتەهۆی ئەوەی کە قەیرانی شوناس رووبدات.
2. **ئەرکی خۆگونجاندن:** شوناس هەوڵدەدات تاکەکان خۆیان لەگەڵ دەوروبەرەکەیاندا بگونجێنن، بەجۆرێك کە پێکهاتەکانی بەشێوەیەکی هاوئاهەنگ لەگەڵ ژینگەی دوروبەریدا بنیات بنرێت.
3. **ئەرکی بەها:** تاکەکانو کۆمەڵگە ئارەزووی ئەوە دەکەن، بۆیە لەناو ژینگەی دەوروبەردا بۆ پێکهێنانی شوناس بەدوای ئەو بەهایانەدا دەگەڕێن کە خوازراو بێتو بەبەها بێت بۆ کەسانی دیکە.

3.2.2 خەسڵەتەکانی شوناسی کەلتوری

شوناسی کەلتوری کۆمەڵێك خەسڵەتی هەیە، کە لەجۆرەکانی دیکەی وەك (نەتەوەیی، کۆمەڵایەتیو سیاسی) جیادەکاتەوە:(السيد،437:2022)

1. شوناسی کەلتوری بەپێی خەسڵەتی نەتەوەو گەلەکان دەگۆڕێت. بەڵام دەکرێت لەیەك نیشتماندا چەند کەلتورێکی جیاواز بوونیان هەبێت یان فۆرمی کەلتوری جیاواز لەڕووی بیروباوەڕو زمانو رەگەزەوە یەك شوناسی نەتەوەییان هەبێت، وەك ئەوەی لەئەمریکادا هەیە.
2. توخمەکانی شوناسی کەلتوری ئەوانەن کە بەبەردەوامی دەمێننەوەو ناگۆڕێن، وەك بەها کۆمەڵایەتییەکان، بیروباوەڕی ئاینیو پرەنسیپە ئاینییەکان، بەڵام هەندێکی دیکەیان دەگۆڕێن وەك لایەنی مادی، بەواتایەکی دیکە شوناسی کەلتوری بابەتێکی کاتی نییە کە بەردەوام لەگۆڕاندا بێت. ئەمەش مانای ئەوەیە کە لایەنە جێگیرەکان لەشوناسدا ئەگەر لەڕواڵەتیشدا بگۆڕێن، لەجەوهەردا ناگۆڕێن، بەڵام لایەنەکانی وەك رەفتارو ئەزموونەکان کە لەکارلێکی رۆژانەی نێوان تاکەکاندا بەدەستهاتوون، دەگۆڕدرێن.
3. لەناو شوناسدا نەگۆڕو گۆڕاو هەیە، بەمپێیەش لەهەموو کۆمەڵێیەکدا نەگۆڕێكو گۆڕاوێك هەیە، کە یارمەتی هاوسەنگیو پاراستنی شوناس دەدات.
4. شوناسی کەلتوری لەسێ بازنە پێکهاتووە کە چونەتە ناو یەكو یەك ناوەندیان هەیە، تاکی ناو بازنەکان دەشێ یەك شوناس یان لەیەك کاتدا چەند شوناسێکیان هەبێت، بۆنموونە ئەندامبوونی تاك لەگروپە مەدەنییەکان (حزب یان سەندیکا،..هتد)، گروپەکانی عەشیرەتو مەزهەبیو هتد. تاك لەدەرەوەی بازنەکان (من)ێکی سەربەخۆی هەیە، بەڵام کاتێك دەچێتە ناو ئەو گروپو بازنانەوە (من)ێکی وابەستە دەبێت بەوانی دیکەوە.
5. گروپەکان لەناو نەتەوەکاندا تایبەتمەندی جیاکەرەوەی خۆیان هەیە، لەناو شوناسی کەلتوری هاوبەشدا، هەریەکەیان (ئیگۆ)ی خۆیان هەیە، کە بەهۆیەوە (ئەویتر)ێك خۆی دەناسێتەوە.

4.2.2 رەهەندەکانی شوناسی کەلتوری

شوناسی کەلتوری بەهۆی کۆمەڵێك پایەی سەرەکییەوە دیاریدەکرێت:(أبورحمة،76:2024)

1. **زمان:** زمانی نەتەوەییو شێوەزارە ناوخۆییەکانی پەیوەندیدار بەبوونو گەشەکردنو چارەنووسی گەلێك، لەسەر بنەمای ئەوەی کە ئەم زمانە ئەو زمانەیە کە لەپرۆسەی خوێندنو کاری دادوەریدا پشتی پێدەبەسترێت.
2. **ئاین:** بەها ئاینیو نەتەوەییەکان بەدرێژایی سەردەمەکان دروستبوونو رۆڵێکی گرنگیان هەیە لەپارێزگاریکردن لەشوناسی کەلتوریو رێگریکردن لەتوانەوەی لەناو گەلانی دیکەدا، بەشێوەیەك کە بەرەنگاری هەموو هەوڵەکانی توانەوە دەبێتەوە، جا سەرچاوەکەی هەرچییەك بێت.
3. **دابونەریت:** دابونەریتی باو لەکۆمەڵگەدا بەبەشێکی دانەبڕاو لەشوناسی کەلتوری دادەنرێت، وەك (پێبەستبوون بەکەلتوری باوباپیران، بەکارهێنانی دیالۆگی نێوان تاکەکان، باوەڕبوون بەگرنگی یەکگرتووی ئەندامانی کۆمەڵگە، پابەندبوون بەجلوبەرگی نەریتی لەهەر کاتێکدا کە بتوانرێت).
4. **مێژوو:** ئەگەر زمان رۆح و ژیانی میللەت بێت، ئەوا مێژوو هۆشیاریو هەستی میللەتە، هاوشانی زمان یەکێکە لەگرنگترین پایەکانی شوناسی کەلتوری، پەیوەندیدار بەهەستی نەتەوەیی، کە نوێنەرایەتی ئەو رووداو و بارودۆخانە دەکات کە میللەت پێیدا تێپەڕیوەو لەقوڵایی یادەوەرییەکانیدا جێگیر بووە. هەربۆیە سڕینەوەی یان شێواندنی مێژووی نەتەوەیەك هۆکارێکە بۆ سڕینەوەی شوناسی نەتەوەییو پەراوێزخستنی.

**بەشی سێیەم / میتۆدو رێکارەکانی توێژینەوە**

1.3 میتۆدی توێژینەوە

لەم توێژینەوەدا میتۆدی وەسفی پاڵپشت بەرێبازی شیکاری ناوەڕۆك بەکارهێنراوە، کە میتودێکی زانستیو پێوانەکراوە بۆ جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی کاریگەرییەکانی درامای تەلەفزیۆنی لەسەر شوناسی کەلتوری: درامای گورگەکان"ی کەناڵی ئاسمانی کوردماکس بەنموونە.

2.3 کۆمەڵگەی توێژینەوە

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لەسەرجەم زنجیرەکانی درامای "گورگەکان" کە ژمارەیان (22) زنجیرەیەو لەماوەی مانگی رەمەزانی ساڵی 2021 لەسەر شاشەی کەناڵی ئاسمانی کوردماکس پەخشکراوە.

3.3 نموونەی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا، بەشێوەیەکی هەرەمەکی رێکخراو، رێژەی (50%) لەکۆمەڵگەی توێژینەوەکە وەرگیراوە، کە دەکاتە (11) زنجیرەی دراماکە، ئەوانیش بریتین لەزنجیرەکانی (1، 3، 5، 7، 9، 11، 13، 15، 17، 19، 21)، بەمەبەستی دیاریکردنی بەهاکان، توێژەران (11) زنجیرەی نموونەی توێژینەوەکەیان بەسەر (167) گرتەدا دابەشکرد.

4.3 ئامرازی توێژینەوە

ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری پەیوەست بەم توێژینەوەیە بریتییە لەفۆرمی شیکاری ناوەڕۆك، بەوپێیەی چوارچێوەیەکی دیاریکراو بۆ توێژەران دابین دەکات بەمەبەستی تۆمارکردنی زانیارییەکان، کە لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکەدا بگونجێت.

شێوەی فۆرمی شیکاری ناوەڕۆك

**تەوەری یەکەم / زانیارییە سەرەتاییەکان**

لەکۆمەڵێك دەستە پێکدێت کە تێیدا زانیاری گشتی سەرەتایی دەربارەی (ناساندنی کەناڵی کوردماکس، خەسڵەتی دراماکانی کەناڵی کوردماکس، درامای گورگەکان) لەخۆدەگرێت.

1- **دەستەی ناساندنی کەناڵی کوردماکس:** (جۆری کەناڵ، ئامانجی کەناڵ، بەڕێوەبەر، بەرواری دامەزراندن، وڵات، بارەگای سەرەکی کەناڵ، پێگەی رەسمی کەناڵ، پەیجی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، پەخشی کەناڵ لەسەر مانگی دەستکردی نایڵساتو ئەوانی تر)

خشتەی (1) ناساندنی کەناڵی ئاسمانی کوردماکس

| جۆری کەناڵ | خۆشباریو کاتبەسەربردن |
|---|---|
| ئامانجی کەناڵ | ئامانجی کوردماکس ئەوەیە کە بینەرەکانی تەنها بۆ کاتبەسەربردن سەیری کەناڵەکە نەکەن، بەڵکو بۆ سوودە وەرگرتنو زانیاری گەیاندنو یەکخستنی ماڵی کوردو هزرێکی وا لەمێشکی بینەری کورددا بچەسپێنێت، هەروەها گرنگی بەلایەنە کۆمەڵایەتییەکانی کورد دەدات، لەڕوانگەی ئەمەوە بۆتە کەناڵێکی خێزانی.[1] |
| بەڕێوەبەر | [2]---------- |
| بەرواری دامەزراندن | 2012 |

[1] بڕوانە زانیاری دەربارەی کۆمپانیا کە لەوێبسایتی کوردماکسدا بڵاوکراوەتەوە. https://www.kurdmax.tv/ku/about-company

[2] لەسەر وێبسایتی کەناڵەکە هیچ زانیارییەك دەربارەی بەڕێوەبەرو خاوەنداری کەناڵەکە ئاشکرانەکراوە.

sjh@univsul.edu.iq

| وڵات | هەرێمی کوردستان / عێراق |
|---|---|
| بارەگای سەرەکی کەناڵ | هەولێر |
| پێگەی رەسمی کەناڵ | https://www.kurdmax.tv/ku/ |
| تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان | https://www.facebook.com/kurdmaxofficial/<br>https://x.com/kurdmaxtv?lang=en<br>https://www.youtube.com/channel/UC2-BKWY5KBdnfsd7HIgRrgg<br>https://www.instagram.com/kurdmax/# |
| پەخشی کەناڵ | NILESAT 12728 V 27500<br>iSTAR 59400 MHz MIXMEDIA DVBT2 4800 |

**2- دەستەی خەسڵەتی دراماکانی کوردماکس:** شوناسی درامی (کوردی، تورکی، هندی، کۆری، چینی، عەرەبی) لەخۆدەگرێت.

خشتەی (2) خەسڵەتی دراماکانی کەناڵی کوردماکس روونەدەکاتەوە

| شوناسی درامی | دووبارە | % | ئاست |
|---|---|---|---|
| کوردی | 1 | 3.85 | پێنجەم |
| تورکی | 12 | 46.15 | یەکەم |
| هندی | 3 | 11.54 | چوارەم |
| کۆری | 4 | 15.38 | سێیەم |
| چینی | 5 | 19.23 | دووەم |
| عەرەبی | 1 | 3.85 | پێنجەم |
| **کۆ** | 26 | %100 | |

**3- دەستەی ناساندنی درامای گورگەکان:** گوزارشت لەپرۆفایلی زنجیرە تەلەفزیۆنی "گورگەکان" دەکات، لەرووی (جۆری کەناڵ، نووسین و دەرهێنان، شوێنی بەرهەمهێنان، زمانی بەرهەم، ژمارەی ئەڵقەکان، بەرهەمهێنەر، کەناڵی پەخش، بەرواری پەخشکردن، کاتی پەخشکردن، ماوەی پەخشکردن).

خشتەی (3) ناساندنی درامای گورگەکان روونەدەکاتەوە

| جۆر | دراما |
|---|---|
| نووسین و دەرهێنان | میهران شیری |
| شوێنی بەرهەمهێنان | هەرێمی کوردستان |
| زمانی بەرهەم | کوردی |
| ژمارەی ئەڵقە | 22 |
| بەرهەمهێنەر | کۆمپانیای سامپرۆ و کوردماکس |

| | |
|---|---|
| کەناڵ | Kurdmax |
| بەرواری پەخش | مانگی ڕەمەزان - نیسانی 2021 |
| کاتی پەخشکردن | سەعات (8:00)ی ئێوارە |
| ماوەی پەخش | 40 خولەك |

**تەوەری دووەم / دەستەکانی شێوە :** لەکۆمەڵێك دەستە پێکدێت کە وەڵامی پرسیاری (چۆن گوترا؟) دەدەنەوە،و ئەم دەستانە لەخۆدەگرێت:

1. **دەستەی زمان:** بەهای (زمانی بەکارهێنراو " زارەکی، نازارەکی"، زمانی ڕاگەیاندن " ناڕوونی پەیام، ناسازی وشە") دەگرێتەوە.
2. **دەستەی هونەرو جوانکاری:** دەستەکانی بەهای (میوزیك، دیکۆر، جلوبەرگ، شوێنی نیشتەجێ و وێنەگرتن) دەگرێتەوە.
   - دەستەی میوزیك: (ڕۆژهەڵاتی، بیانی، ڕۆژهەڵاتیو بیانی)
   - دەستەی دیکۆر: (ڕەنگدانەوەی شوناسی کەلتوری کوردییە، لەشوناسی کەلتوری کوردییەوە نزیکە، لەشوناسی کەلتوری کوردییەوە نزیك نییە)
   - دەستەی جلوبەرگ: (شوناسی کەلتوری کوردی، سەردەمیانە)
   - دەستەی شوێنی نیشتەجێ: (گەڕەکی "هەژارنشین، دەوڵەمەندنشین"، زیندان)
   - دەستەی وێنەگرتن: (ڤێلا، خانوو، باخ، ئۆتۆمبێل، زیندان، شەقام، چەك، بانكو شوێنی بازرگانی، بنکەی پۆلیس، فرۆکەخانە، نەخۆشخانە، پەلەوەرخانە)
3. **دەستەی دەرکەوتنی بەهاکان:** شێوانی دەرکەوتنی بەهاکانی پەیوەست بەشوناسی کەلتوری بە(قسەکردن، ڕەفتار، هەردووکیان) لەخۆدەگرێت.

**تەوەری سێیەم / دەستەی ناوەڕۆك :** لەکۆمەڵێك دەستە پێکدێت کە وەڵامی پرسیاری (چی گوترا؟) دەداتەوەو ئەم دەستانە لەخۆدەگرێت:

1. **دەستەی بیرۆکە:** ئامانج لەبیرۆکەی دراماکە چییە، بۆ {ڕەتکردنەوەی دۆخەکەیە، هۆشیاکردنەوەی ڕایگشتی کە کێشەیەك هەیە، پێشنیازی دیدگایەك بۆ گۆڕانکاری (هەڵوێست، ڕەفتار، یاساکان)، هاوشێوەکردنی دراما بیانییەکان (تورکی، عەرەبی، هندی)}.
2. **دەستەی بابەت:** شیکردنەوەی بابەت لەدوو ڕووەوە: یەکەمیان ناکۆکی نێوان دوو گرووپی بازرگان کە بابەتەکانی (تۆڵەو تۆڵەسەندنەوە، کوشتن، ناکۆکی ناوخۆیی)، دووەم پەیوەندی لەڕووی (خۆشەویستی، ناپاکی، نایاسایی) لەخۆدەگرێت.
3. **دەستەی کەسێتی:** کارەکتەری (سەرەکی، لاوەکی، کۆمپارس) لەخۆدەگرێت.
4. **دەستەکانی خەسڵەت:** هەریەك لەدەستەکانی ڕەگەز (نێر، مێ)و دەستەی قۆناغی تەمەن (پیر، پێگەیشتوو، تازە پێگەیشتوو، منداڵ) لەخۆدەگرێت.
5. **دەستەکانی بەها:** شیکردنەوەی بابەتەکانی دراماکە لەڕووی بەهاکانی (کەلتوری، کۆمەڵایەتی، ئاکاری)یەوە.
   - دەستەی بەهای کەلتوری: (جلوبەرگی نەریتی، خواردنی نەریتی، گۆرانی نەریتی) لەخۆدەگرێت.
   - دەستەی بەهای کۆمەڵایەتی: بەهاکانی (بەرپرسیارێتی، پشتیوانیو هاوکاری، لێبوردەیی، بەرگری لەکەسانی دیکە، برایەتی) لەخۆدەگرێت.

- دەســتەی بەهای ئاکاری: بەها ئاکارییە ئەرێنییەکانی (راســتگۆیی، خۆراگری، رێزگرتن، هاورێیەتی، دڵســۆزی)و بەها ئاکارییە نەرێنییەکانی (درۆکردن، دزی، لادانی رەفتاری، رێزنەگرتن، خواردنەوە) لەخۆدەگرێت.

**چوارەم / یەکەکانی شـــیکار :** بریتین لەو یەکانەی ناوەڕۆك، کە دەتوانرێت بەئاســـانی بژمێردرێنو بپێورێن، بوون یان نەبوون یاخود دووبارەبوونەوە یان دەرکەوتنیان، ئاماژەیەك دەدات کە ســـوود بەتوێژەر دەگەیەنێت لە لێکدانەوەی ئەنجامەکاندا. لەتوێژینەوەکەماندا ئەم یەکانەی خوارەوەمان وەرگرتووە:

1. **یەکەی بیرۆکە :** بەکاریدەهێنین بۆ زانینی ئامانجی دراما "گورگەکان".
2. **یەکەی کەسێتی:** پشتی پێدەبەستین بۆ دەرخستنی خەسڵەتی کارەکتەرەکانی ناو دراماکە.
3. **یەکەی بابەت:** پشتمان پێبەستوە بۆ پێوانەکردنی ئەو بەهایانەی لەزنجیرە دراماکەدا پێشکەشکراون.
4. **یەکەی دیمەن:** لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت بەهاکانی پەیوەست بەسروشتی "زمان، میوزیك، جوانکاریو وێنەگرتن" کە لەدراماکەدا هاتوون بزانین.
5. **یەکەی پێوانەکردنو هەژمارکردن:** ئەو شێوازەیە کە بەهۆیەوە خەسڵەتە وەسفییەکان بۆ خەسڵەتی چەندایەتی دەگۆڕدرێن، کە پێوانەکردنیان ئاسانە، بۆ بەدیهێنانی ئەمە، پشت بەم شێوازانەی خوارەوە دەبەستین:

- دۆزینەوەی ئەوەی کە ئایا دەستەکان یان یەکەکان لەناوەڕۆکی ئەو بابەتەی کە لێکۆڵینەوەی تێدا دەکەین، هەن یان بوونیان نییە.
- هەژمارکردنی چەندجارە بەپێی دەرکەوتنی دەستە یان یەکەکان، لێرەشەوە رێژەی سەدی لەکۆی دووبارەکان دەردەکەین.

5.3 راستگۆیی:

بەمەبەســـتی خۆبەدوورگرتن لەلایەنگری؛ توێژەران پێش ئەنجامدانی توێژینەوەکە، دوو رێکاریان گرتەبەرو راســـتگۆیی شیکارییەکە بەمشێوەیە پێوانەکرا:

- دیاریکردنی دەســتەکانی شــیکارو یەکەکانیان بەوردی، پێناســەکردنی هەریەك لەدەســتەو یەکەکانیان بەشــێوەیەکی روونو گشتگیر.
- فۆرمی شیکاری ناوەڕۆك بەســەر سێ پسپۆڕی بواری (دەروونناسـی[3]، راگەیاندن[4]، هونەر[5]) دابەشـکرا، دوای وەرگرتنی راوبۆچوونی شارەزایان، فۆرمەکە بەڕێژەی (97.6%) راستگۆیی بەدەستهێنا.

6.3 جێگیری:

بەمەبەســـتی دڵنیابوون لەجێگیری ئامرازەکە، توێژەران تاقیکردنەوەی پێشـــەکیو پاشـــەکیان ئەنجامدا، کە ماوەی نێوان هەردوو تاقیکردنەوەکە (15) رۆژ بوو، بۆ تاقیکردنەوەی پێشـەکی توێژەران بەشـێوەیەکی هەڕەمەکی سـادە (شـەش) زنجیرەی دراماکەیان هەڵبژاردو لەچوار ئاسـتدا شیکاریان بۆ زنجیرەکان کرد، پاشـان ناوەندی ژمێرەییان بۆ ئەنجامی ئەو چوار تاقیکردنەوەیە دەرهێنا، کە دەکاتە (92.9%)، ئەمەش رێژەیەکی بەرزەو گونجاوە بۆ توێژینەوەی زانستی.

- شیکاری یەکەم: وردبینی یەکەو دەستەکانی شیکار بۆ زنجیرەکانی (6، 10) رێژەی (90.1%)ی بەدەستهێنا.
- شیکاری دووەم: وردبینی یەکەو دەستەکانی شیکار بۆ زنجیرەکانی (13، 22) رێژەی (94.5%)ی بەدەستهێنا.
- شیکاری سێیەم: وردبینی یەکەو دەستەکانی شیکار بۆ زنجیرەکانی (7، 19) رێژەی (95.3%)ی بەدەستهێنا.

[3] پ.د.صابر بكر بۆكانی مامۆستا لەبەشی باخچەی منداڵان لەکۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی.
[4] پ.د.ابراهیم سعید مامۆستا لەبەشی راگەیاندنی کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی.
[5] پ.ی.د.دڵشاد مستەفا سەرۆکی بەشی فلیمسازی لەکۆلێژی هونەری زانکۆی سلێمانی.

- شیکاری چوارەم: وردبینی یەکەو دەستەکانی شیکار بۆ زنجیرەکانی (5، 8) ڕێژەی (91.2%)ی بەدەستهێنا.
- دواتر لەکەمەوە بۆ زۆر ئەنجامی تاقیکردنەوەکانمان بەمشـــێوەیە (90.1%، 91.2%، 94.5%، 95.3%) ریزکردو بەم هاوکێشەیە ناوەندی هاوکۆلکەی جێگیریمان دەرهێنا.

$$\text{ناوەندی هاوکۆلکەی جێگیری} = \frac{\%94.5 + \%91.2}{2} = \%92.9$$

**بەشی چوارەم/ ئەنجامو شیکردنەوە**

1.4 شیکردنەوەی ئەنجامەکان

**ئامانجی یەکەم /** دەستنیشانکردنی بەها هونەریو میدیاییو کۆمەڵایەتییەکان لەزنجیرە دراماى (گورگەکان) کە لەکەناڵی ئاسمانی کوردماکس پەخشکراوەو شیکردنەوەکان.

خشتەی (4) دووبارەو ڕێژەی سەدی دەستەی زمان بۆ نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە

| زمان \ زنجیرە | | دووبارە | % |
|---|---|---|---|
| زمانی بەکارهێنراو | زارەکی | 147 | 81.22 |
| | نازارەکی | 34 | 18.78 |
| کـــــــــۆ | | 181 | %100 |
| زمانی ڕاگەیاندن | ناڕوونی پەیام | 422 | 72.88 |
| | ناسازی وشە | 157 | 27.12 |
| کـــــــــۆ | | 579 | %100 |

لەخشـــتەی (4)دا ئەوە دەردەکەوێـت کە زمـانـی زارەکـی کوردی بەڕێـژەی (81.22%)و زمـانـی نـازارەکـی کـوردیش بەڕێژەی(18.78%) بەشـێوەی (هێماو ئاماژە، زمانی جەســتەو ڤیدیۆ) لەکۆی زنجیرەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەکارهاتوون، بەم پێیەش هەریەك لەزمانی زارەکیو نازارەکی پانتایەکی باشــیان لەناو دراماکەدا داگیرکردووەو ریتمێکی جوانی بەکارەکە بەخشیوە. ئەم ئەنجامە لەگەڵ توێژینەوەکانی (العرضاوی، 2024)و (بومشعل، 2022)دا یەکدەگرێتەوە.

هەر لەخشـــتەی (4)دا ئەوە ڕوونکراوەتەوە کە ڕێژەی (72.88%)ی کۆی زنجیرەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەڕووی پەیامەوە نـاڕوون بووەو بەســـەدان وشـــەی عەرەبیو بیـانی لەپەیـامەکەدا هـاتوونو لەزاری ئەکتەرەکـانەوە بەرجەســـتەکراونو دووبارەکراونەتەوە، وەك (تأخير، نقصـانی 2، دائم، عيب، سجن 9، حكم 6، محكمە، شكات، شكايەتكار، تنازول 3، خبر 3، خلط 5، رئيس 7، حاكم 2، محامی، فرز، وعد 16، هديە، أخير 5، حفلة، أمر 9، أشيا 17، إنفرادی 2، حوت، يعنی، سيارة 10، سائق 3، مدير 4، إنســان 2، جواب 3، خط 3، حســاب 4، خريطة 22، تحمول 3، رفيق 6، خبر 5، ســيقة 16، إنكار، رقم 5، أحوال، إحترام 2، محترم، نصيحة، مصرف، حرس 5، قرار، موضوع 4، خيانة 9، حاضر 5، عقد 3، نفر 2، تفتيش ، حاملە 5، سريع، سيدی 7، إيفادە، إسعاف 2، فقير، قاصة، سفر 3، عيلاج، عسكر، إستراحة 2، حضر، حبيبی، موعد 5، حق 2، جماعة 7، اهلان وسـهلا، سـلاح، سـاحر، طيارة 2، مطار، خطر، تصـوير، تصـور2، ضـغط، مشـترى 3، قناعة، تصـروف، معلوم 2، سـاحيب، شكور، ضرر، ضرور، مكتب، آثار 2، ممنون 2، درجة، تركيز، مرتاح 2، مضبوط، بشر 7، قدر، إزعاج، دائيرة 2، مستحيل

2، إحساسات 2، رحم، جرأة، كشف 2، شركة، شريك، قتل 3، كەيس 3، سيطرة 5، تكبير 5، فكرة 2، واقعية، موهم، غريب، ترتيب، زواج، تعزية 3، عەزيەت 3، تعقيبات 2، تأكيد، مزرعة، هوية، مسئول 2، قلق، أمانة 2، تماع، قيافة، خلل 2، عنوان 2، مشغول 2، معقول، لياقة، أجنبى، إهانة، تأريخ، رسم، حل، وضع 2، مشكلة، مخزن 2، خزن، جنازة، جو ، شرط 2، سهو ، صبر، كفالة، دواجن 2، حمام، سبب) لەگەڵ وشەکانی ( Speaker 3, Ok 9, Bye Bye, Delete 9, Office, Goodnight, Business 4, Positive 2, Face to Face, Goodluck, Security, Control, Location, Chance).

هەر لەخشتەی (4)دا ئەوە دەردەکەویت، کە ڕێژەی (27.12%)ی کۆی ئەڵقەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەڕووی بەکارهێنانی وشەوە ناساز بووەو چەندین وشەی نەشیاو و جنێوی تێدا هاتووە، وەك وشەکانی (دەڵە گورگ 5، خوێری 10، دزی 9، درۆکردن 5، دەمت داخە 12، بێمێشك 2، هەتیو / ئەم هەتیوە 15، کوشتن 9، بەڕەڵا، سەگە ڕەش، ونبە لەبەرچاوم، سەرخۆش، بەشەر نین، سەرسەری 2، قوزەڵقورت 3، ژاوەژاو مەکە، با نەیەم ملت بشکێنم، زمانت بەبڕین چێت، ئەو زمانە ڕەشەت دەبڕم، وەك سەگ دەیتۆپێنم/ بیتۆپێنن 7، بێمێشك 2، بێغیرەت، بێقیمەت، بەملی شکاو 2، مارێکی ببوایە، بێئەقڵ، بێشەرم، دزی بێئابڕو، گێل، تف لەڕووت، کەر / ئەو کەرانە / بەخوا کەریت 4، مێشك بچووك، لەوە بچوکتری لەگەڵ من قسە بکەی، ئێوە پیاون، بەخۆتان دەڵێن پیاو، تۆپی / تۆپیوە 4، دەمت بشکێنم / نەشکێنم 3، زۆر ئەڵێی، وەك سەگو پشیلە وان، سەگ / سەگە پیسە 5، مەسینە دز 4، گێژ / گەمژە / دەماغ سز / بێدەماغ 2، شتی قۆر 2، بەملی شکاو و ئەستۆی وردت 3، خوا لەناو دەمت بدات 3، یەك تەشت ناماقوڵیتان کرد، کەرە کوێر / پیرە کەر 2، حوشتر، بێدەنگ بە، قاچی خاتوون ماچ بکە، چاوی دەردەهێنم، سەگباب / سەگی سەگباب 4، چەنەبازی، قەشمەر 2، ملت بشکێنە 3، ناپیاو 3، داوەشێی). ئەم ئەنجامە لەگەڵ توێژینەوەکانی (علی، 2021)و (همدانی، 2018)دا یەکدەگرێتەوە، بەڵام لەگەڵ توێژینەوەی (بومشعل، 2022)دا پێچەوانەیە.

خشتەی (5) دووبارەو ڕێژەی سەدەی دەستەی میوزیك بۆ نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە

| زنجیرە / میوزیك | دووبارە | % | ئاست |
|---|---|---|---|
| ڕۆژهەڵاتی | 55 | 35.48 | دووەم |
| بیانی | 75 | 48.39 | یەکەم |
| ڕۆژهەڵاتیو بیانی | 25 | 16.13 | سێیەم |
| کـــــــــۆ | 155 | %100 | |

لەخشتەی (5)دا، ئەوە ڕوونکراوەتەوە، کە لەکۆی زنجیرەکانی نموونەی توێژینەوەکەدا، میوزیکی بیانی بەڕێژەی (48.39%) بەکارهێنراوە، کە زۆرترین ڕێژەیەو پلەی یەکەمی وەرگرتووە، بەدوایدا میوزیکی ڕۆژهەڵاتی دێت کە بەڕێژەی (35.48%) بەکارهێنراوەو پلەی دووەمی وەرگرتووە، میوزیکی (ڕۆژهەڵاتیو بیانی) بەکەمترین ڕێژە (16.13%) بەکارهێنراوەو پلەی سێیەمی وەرگرتووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە دراماکە کەمتر بایەخی بەمیوزیکی کوردی داوەو شوناسی کەلتوری لەڕووی میوزیکەوە لەناو زنجیرەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕەنگینەداوەتەوە. ئەم ئەنجامە لەگەڵ توێژینەوەکانی (العرضاوی، 2024)و (بومشعل، 2022)دا پێچەوانەیە.

خشتەی (6) دووبارەو ڕێژەی سەدی دەستەی دیکۆر بۆ نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە

| زنجیرە / دیکۆر | دووبارە | % | ئاست |
|---|---|---|---|
| ڕەنگدانەوەی شوناسی کەلتوری کوردییە | 44 | 24.31 | دووەم |
| لەشوناسی کەلتوری کوردییەوە نزیکە | 36 | 19.89 | سێیەم |
| ڕەنگدانەوەی شوناسی کەلتوری کوردی نییە | 101 | 55.80 | یەکەم |
| کـــــــــۆ | 181 | %100 | |

لەخشتەی (6)دا ئەوە دەردەکەوێت کە شوناسی کەلتوری کوردی بەڕێژەی (55.80%) کە پلەی یەکەمی وەرگرتووە، لەدیکۆری کۆی زنجیرەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕەنگینەداوەتەوە، واتە زۆرینەی دیمەنەکانی دراماکە ئەگەر زمانەکەی لێ لابرێت، ناتوانین شوناسەکەی بناسینەوە کوردییە یان بیانییە، تەنیا هێمایەك بۆ ناسینەوەی ئەوەی کە دراماکە کوردییە؛ بوونی زمانەکەیە.

هەر لەخشـــتەکەدا، ئەوە روونکراوەتەوە کە شـــوناســـی کەلتوری کوردی بەڕێژەی (24.31%) کە پلەی دووەمی وەرگرتووە، لەدیکۆری کۆی زنجیرەکـانی نموونەی توێژینەوەکە ڕەنگیـداوەتەوە، هۆکـارەکەی ئەوەیە کە لەم دیمەنـانەی نـاو دراماکەدا (جلوبەرگی کوردی، نووســـینی کوردی، ئاڵای کوردســـتان) بەدیدەکرێت، واتە ئەگەر زمانەکەش لابەین بەم هێمایانە دەتوانین بیناسینەوە کە ئەو درامایە کوردییە.

هەروەها دیکۆری کۆی زنجیرەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی (19.89%) کە پلەی سێیەمی وەرگرتووە، نزیکە لەشوناسی کەلتوری کوردییەوە، هۆکارەکەی ئەوەیە لەم دیمەنـانەدا تـابلۆیەکی ئۆتۆمبێل یـان شـــوێنێکی نـاســـراو دەرکەوتووە، کە ئەگەر زمانەکەش نەبێت، دەتوانرێت شـــوناســـی کوردبوونی دراماکە بناســـرێتەوە. ئەم ئەنجامە لەگەڵ توێژینەوەکانی (العرضـــاوی، 2024)و (بومشعل، 2022)دا پێچەوانەیە، بەڵام لەگەڵ توێژینەوەی (زادە، 2022)دا یەکدەگرێتەوە.

خشتەی (7)ی دووبارەو ڕێژەی سەدی دەستەی جلوبەرگ بۆ نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە

| زنجیرە / جلوبەرگ | دووبارە | % | ئاست |
|---|---|---|---|
| شوناسی کەلتوری کوردی | 36 | 4.77 | دووەم |
| سەردەمیانە | 719 | 95.23 | یەکەم |
| کـــــــــۆ | 755 | %100 | |

لەخشـــتەی (7)دا ئەوە دەردەکەوێـت کە ڕێژەی (95.23%)ی کۆی ئەو ئەکتەرانەی لەنموونەی توێژینەوەکەدا دەرکەوتوون، جلوبەرگی سـەردەمیانەیان لەبەردابووە، واتە زۆرینەی هەرە زۆری ئەکتەرەکان جلوبەرگی ڕەسـەنی کوردیان نەپۆشیوە کە پلەی یەکەمی وەرگرتووە، لەبەرامبەردا تەنیـا ڕێژەی (4.77%)ی کۆی ئەو ئەکتەرانەی لەنموونەی توێژینەوەکەدا دەرکەوتوون، جلوبەرگی ڕەسـەنی کوردیان لەبەردابووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە دراماکە هیچ گرنگییەکی بەجلوبەرگی کوردی نەداوە لەو دۆخانەی کە جلوبەرگی کوردیش دەرکەوتووە، بۆ ڕۆڵێکی خراپ بەکارهێنراوە. ئەم ئەنجامە لەگەڵ توێژینەوەکانی (العرضـاوی، 2024)و (بومشعل، 2022)دا پێچەوانەیە لەگەڵ توێژینەوەی (زادە، 2022)دا یەکدەگرێتەوە.

خشتەی (8) دووبارەو ڕێژەی سەدی دەستەی شوێنی نیشتەجێ بۆ نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە

| زنجیرە / شوێنی نیشتەجێ | | دووبارە | % | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| گەڕەکی | هەژارنشین | 34 | 22.82 | دووەم |
| | دەوڵەمەندنشین | 95 | 63.76 | یەکەم |
| زیندان | | 20 | 13.42 | سێیەم |
| کـــــــــــۆ | | 149 | %100 | |

لەخشـــتەی (8)دا ئەوە روونکراوەتەوە، کە ڕێژەی (63.76%)ی ئەکتەرە ســـەرەکییەکانی دراماکە، شـــوێنی نیشـــتەجێبوونیان لەگەڕەکی دەوڵەمەندنشـیندا بووە، هۆکارەکەی ئەوەیە دراماکە باس لەدوو گرووپی بازرگان دەکات، کە لەکاری نایاسـایی‌و دزی‌و مافیایی تێوەگلاون‌و خۆیان‌و دەســتوپێوەندەکانیان لەگەڕەکە دەوڵەمەندەکانی شـــاری هەولێرو وڵاتی لوبناندا دەژین، ســـەرباری ئەوەش شـــوێنی نیشـــتەجێبوونی ئەفســـەری لێکۆڵینەوە هەر لەگەڕەکێکی دەوڵەمەندنشـــیندایە، لەبەرامبەردا ڕێژەی (22.82%)ی ئەکتەرە سەرەکییەکانی دراماکە، شوێنی نیشتەجێبوونیان لەگەڕەکی هەژارنشیندا بووە، کە ئەمان بەشێکی ژیانیشیان لەناو زینداندا بووە، بۆیە لەخشـتەکەدا ڕێژەی (13.42%)ی شـوێنی نیشـتەجێبوونی ئەکتەرە سـەرەکییەکان لەزینداندا دەرکەوتووە. ئەمەش ئەوە دەردەخـات کە لەدرامـاکەدا بـایەخێکی زۆرتر بەژیـانی بـازرگـان دراوەو ڕۆڵێکی گەورەتریـان پێدراوە. هەم لەڕووی شـــوێنی نیشـــتەجێبوون‌و جلوبەرگ، هەم لەڕووی نانخواردن‌و شـیوەی ژیانیان. کە ئەمانە هەمووی کاریگەری نەرێنی لەســـەر دەروون‌و بیرکردنەوەی بینەر هەیە. ئەم ئەنجـامە لەگەڵ توێژینەوەی (بومشــــعـل، 2022)دا پێچەوانەیە، بەڵام لەگەڵ توێژینەوەی (زادە، 2022)دا یەکدەگرێتەوە.

خشتەی (9) دووبارەو ڕێژەی سەدی دەستەی وێنەگرتن بۆ نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە

| زنجیرە / وێنەگرتن | دووبارە | % | ئاست |
|---|---|---|---|
| ڤیلا | 82 | 19.95 | دووەم |
| خانوو | 34 | 8.27 | شەشەم |
| باخ | 47 | 11.44 | پێنجەم |
| ئۆتۆمبێل | 68 | 16.55 | سێیەم |
| زیندان | 14 | 3.41 | حەوتەم |
| شەقام | 49 | 11.92 | چوارەم |
| چەك | 95 | 23.11 | یەکەم |
| بانك‌و شوێنی بازرگانی | 4 | 0.97 | هەشتەم |
| بنکەی پۆلیس | 14 | 3.41 | حەوتەم |
| فڕۆکەخانە | 2 | 0.49 | نۆیەم |
| نەخۆشخانە | 1 | 0.24 | دەیەم |
| پەلەوەرخانە | 1 | 0.24 | |
| کـــــــــــۆ | 411 | %100 | |

لەخشـــتەی (9)دا ئەوە دەردەکەوێت، کە چەك بەڕێژەی (23.11%) پلەی یەکەمی وەرگرتووەو لەکۆی زنجیرەکانی نموونەی توێژینەوەکەدا زۆرترین دەرکەوتنی هەبووە، بەدوایـدا دەرکەوتنی ڤێلا بەڕێژەی (19.95%) پلەی دووەمی وەرگرتووەو ئۆتۆمبێلیش بەڕێژەی (16.55%) لەکۆی زنجیرەکـانی نموونەی توێژینەوەکەدا دەرکەوتووەو پلەی ســێیەمی وەرگرتووە. بەهەمـانشـــێوە یەکەکانی دیکەش بەپێی ریزبەنـدییان لەزنجیرەکـانی نموونەی توێژینەوەکەدا دەرکەوتوون. هۆکـارەکەی ئەوەیە دراماکە زیاتر بایەخی بەلایەنی تاوانو توندوتیژیو شـــەڕو کوشــتن داوە، بۆیە دیمەنەکانی چەك، ڤێلا، ئۆتۆمبێل، شـــەقام، باخ، خانوو، بنکەی پۆلیسو زیندان زۆرترین جار دووبارە بوونەتەوە. ئەم ئەنجامە لەگەڵ توێژینەوەی (علی، 2021)دا یەکدەگرێتەوە.

خشتەی (10) دووبارەو ڕێژەی سەدی دەستەی دەرکەوتنی بەهاکان بۆ نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە

| زنجیرە / دەرکەوتنی بەهاکان | دووبارە | % | ئاست |
|---|---|---|---|
| بەقسەکردن | 75 | 43.35 | دووەم |
| بەڕەفتار | 21 | 12.14 | سێیەم |
| بەهەردووکیان | 77 | 44.51 | یەکەم |
| کـــــــــــۆ | 173 | %100 | |

لەخشتەی (10)دا ئەوە ڕوونکراوەتەوە، کە دەرکەوتنی بەهاکان بەقسـەکردنو بەڕەفتار بەڕێژەی (44.51%) لەکۆی زنجیرەکانی نموونەی توێژینەوەکەدا هاتووەو پلەی یەکەمی وەرگرتووە، واتە کاتێك پیلان بۆ ئەنجامدانی کارێکی توندوتیژی یان دزیکردن یان هەڵکوتانەســـەر ماڵێك دانرا بێت، لەزنجیرەکانی نموونەی توێژینەوەکەدا جێبەجێکردنەکەشـــی بەڕەفتار پیشـــاندراوە، بۆنموونە/ شـەهاب لەزیندان لەبەردەم پۆلیسدا هەڕەشـەی کوشتن لەهەڵۆ دەکاتو دواتر هێرشـی دەکاتەسـەرو برینداری دەکات، بەڵام پۆلیس هیچ هەوڵێکی نییە بۆ ڕێگریکردن لەکـارەکە، لەکـاتێکـدا گوێی لەدیـالۆگەکەیە، ئەمەش لاوازی پۆلیس دەردەخـات. بەجۆرێـك لەجۆرەکانیش هانـدانی تێدایە بۆ دووبـارەکردنەوەی ئەم جۆرە ڕەفتارانە. هەروەها کاتێك گرووپەکەی لیزا دەچن بۆ برینی بـانك، سـەرەتا بڕیار دەدەن ئۆتۆمبێلێك لەسـەر شـەقام بدزن، چۆنیەتی دزینی ئۆتۆمبێلەکەو چوونەسەر بانکەکە پیشـان دەدەن، کە بەشێکی زۆر لەم ڕەفتارانە کاریگەریی لەســەر ڕەفتاری بینەرو لاسـاییکردنەوەی هەیە. ســەرباری پیشـاندانی چەندین سـیناریۆی دیکەی فێڵکردن لەپۆلیس لەبازگەکانو ڕووداوی کوشتن، کە لەزۆربەی زۆری ئەم دیمەنانەو چەندین دیمەنی دیکەشدا ڕۆڵی پۆلیس لاواز پیشاندراوەو گرێپەکانی مافیا بەهێزتر دەرکەوتوون.

هەر لەخشـــتەکەدا ئەوە دەرکەوتووە، کە ڕێژەی (43.35%)ی بەهـاکـان لەکۆی زنجیرەکـانی نموونەی توێژینەوەکەدا تەنیـا بەقسـەکردن بووەو ڕەفتاری لەگەڵدا نەبووە، بۆ نموونە/ لەزنجیرەی 17دا فەیسـەڵ دەڵێت: "ئەجنەبییەکی خوێڕی ئیهانەی کردوم" یان لیزا دەڵێت: "شەو هەموو شتێکت پێ دەڵێم" ئەم بەها هەواڵیانە هەر تەنیا بەقسەکردن بووە، بەڕەفتار پیشان نەدراوە. هەروەها لەزنجیرەی 19دا شـــەماڵ بەپیاوەکانی دەڵێت: "دوای ژیلا بکەون تا دەگاتە ماڵی باوکی "، چونکە لەماڵەکەی دەریکردووە، بەڵام ئەمە تەنیا هەر قسـەیەو ڕەفتاری لەگەڵدا نییە، لەبەرئەوەی فۆکەس لەســەر شـــەماڵە نەك دەرکردنی ژنەکەی. ســەرباری ئەوەش لەزنجیرەی 21دا هەڵۆ بەڤینۆس دەڵێت: "من ئەفســـەری هەواڵگریم"، ئەم بەهایە لێرەدا تەنیا قســـەیەو بەڕەفتار بۆ بینەر ڕوون نەکراوەتەوە، کە چۆن کەسێك پاشخانی کوشتنی هەبێتو لەزینداندا بوو بێت، دەکرێتە ئەفسەری هەواڵگری؟؟!!

هەر لەخشـــتەکەدا ئەوە دەردەکەوێت کە بەهاکان بەڕێژەی (12.14%) لەکۆی زنجیرەکانی نموونەی توێژینەوەکە، بەشـــێوەی ڕەفتار دەرکەوتوونو قســـەکردنیان تێدا نەبووە، بۆنموونە/ لەئەڵقەی یەکەمدا لیزا بۆئەوەی شـــۆفێری تەکســـییەکە قایل بکات کە بیانگەیەنێتە شوێنی مەبەست، (100) دۆلار لەسەر داشبلّی ئۆتۆمبێلەکە فڕێدەدات، ئەویش ڕازی دەبێت. هەروەها لەئەڵقەی (3)دا

دەیڤد لەسەر شەقام جزدانی هاوولاتییەك دەدزێت، كە پێشتر بەقسەكردن باسی نەكردووە، تەنیا رەفتارەكەی پیشاندەدرێت، ئەمەش كاریگەری لەسەر بینەران هەیەو فێری چۆنیەتی دزیكردنیان دەكات. ئەم ئەنجامە لەگەڵ توێژینەوەكانی (زادە، 2022)و (همدانی، 2018)و (العرضاوی، 2024)دا یەكدەگرێتەوە.

خشتەی (11) دووبارەو رێژەی سەدی دەستەی بیرۆكە بۆ نموونەی توێژینەوەكە رووندەكاتەوە

| زنجیرە / بیرۆكە | دووبارە | % | ئاست |
| --- | --- | --- | --- |
| رەتكردنەوەی دۆخەكە | 21 | 11.23 | چوارەم |
| هۆشیاكردنەوەی رایگشتی كە كێشەیەك هەیە | 23 | 12.30 | سێیەم |
| پێشنیازی دیدگایەك بۆ گۆڕانكاری (هەڵوێست، رەفتار، یاساكان) | 53 | 28.34 | دووەم |
| هاوشێوەكردنی دراما بیانییەكان (توركی، عەرەبی، هندی) | 90 | 48.13 | یەكەم |
| كــــــــــۆ | 187 | %100 | |

لەخشـــتەی (11)دا ئەوە دەردەكەوێت، كە بیرۆكەی دراماكە بەرێژەی (48.13%)ی كۆی زنجیرەكانی نموونەی توێژینەوەكە هاوشـــێوەكردنی دراما بیانییەكان بووەو پلەی یەكەمی وەرگرتووە، هۆكارەكەی ئەوەیە كە بەشـــێكی زۆری بیرۆكەكان یان لەناو كورددا باو نییەو دراماكە دەیەوێت هاوردەی ناو كەلتوری كوردی بكات یان بەشـــێوازێكی هاوشـــێوەی دراما (توركی، عەرەبی، هندی)ییەكان گوزارشـــتی لێكراوە، بۆنموونە/ كارەكتەری پاڵەوانی دراماكە كە ســـەرەتا لەزیندانەوە دەردەكەوێت، لەزنجیرەی یەكەمدا دەڵێت: "ســجن شـوێنی پیاوە، بەلام گرنگ ئەوەیە پیاو بێیتەژوورەوەو پیاوتر بڕۆیتە دەرەوە"، لەشـوێنێكی دیكەدا دەڵێت: "ئەگەر بترســـایە لێرە نەدەبووم"، ئەوانەی لەم درامایەدا لەزیندان پیشـــاندران لەســـەر (دزی، پیاو كوشـــتن، تاوان، رووداوی هاتوچۆ، بازرگانو بەكارهێنەرانی مادەی هۆشــبەر) ســزادراون، واتە تووشـــی لادانی رەفتاری یان تاوان بوون، دەكرێت ئەمانە بەكارێكی پیاوەتی وەسف بكرێتو شـانازی پێوە بكرێت؟! خۆ ئەم كەسـانە زیندانی سیاسـی نەبوون كە لەسـەر پرسـێكی نەتەوەیی سـزادرا بن، تاوەكو پیاو چاكو پاڵەوان دەربكەون، ئەم بەگەورەیی پیشاندانەی تۆمەتبار كاریگەری لەسـەر بینەر دەبێتو لاسـاییی دەكاتەوە. هەروەها پیشـــاندانی چۆنیەتی دزیكردن لەســـەر شـــەقامو برینی گیرفانی خەڵك، دزینی ئۆتۆمبیل، هەڵكوتانەســـەرماڵی خەڵك، پیشـاندانی دیمەنی ئەشـكەنجەدان، بەكرێگرتنی تەكسـیو بەكارهێنانی خێزانو كەسـانی خۆشـەویست بۆ كاری نایاسـاییو دزیكردن، بۆنموونە/ لەزنجیرەی حەوتەمدا، كاتێك بیرۆكەی رفاندنی ڤینۆس بۆ ئازاد باس دەكەن، ســـەرەتا ئازاد تورە دەبێتو شــەڕ لەنێوان ئەو و كامەران (خاوەنی بیرۆكەكە)دا دروســت دەبێت، دواتر دەیڤد دەڵێت: "نازانم لەكوردســتان بەچی دەڵێن باش، بەلام لای خۆمان (مەبەســتی ئەورووپاو رۆژئاوایە) بیرۆكەیەكی باشــە"، ئەم باشــیە بۆ بینەر دەبێتە پەیامو كاریگەری لەســـەر رەفتاری دروســـت دەكات، دیارە بیرۆكەی دراماكەش ئەوەیە ئەم بیرۆكە باشـــەی رۆژئاوا لەبارەی بەكارهێنانی كەســـانی خۆشـەویست بۆ تاوانو كاری مافیایی هاوردەی كوردستان بكرێت. سـەرباری ئەوەش لەزنجیرەی (13)دا، عاسـی سوكایەتییەكی زۆر بەبروا دەكات، لەكاتێكدا بەنیازە كچە تاقانەكەی پێبدات، ئاخر چ باوكێكی كورد بەم شێوەیە لەگەڵ ئەو كەسەدا قسە دەكات كە دەیكات بەزاوای خۆی؟! یان چ كوڕێك ئەم هەموو سوكایەتییە قبوڵ دەكات؟! ئەمە چ جۆرە فەرهەنگێكە كە فێری گەنجانو باوكان دەكرێت؟! ئەم جۆرە پەیامانە ئەگەر بەناوی گاڵتەكردن یان كۆمیدیشـــەوە بێت، كاریگەری لەســـەر بینەر هەیەو لەرەفتاریدا رەنگدەداتەوە.

هەر لەخشـــتەکەدا ئەوە روونکراوەتەوە، کە بیرۆکەی زنجیرەکـانی نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی (28.34%) بریتی بووە لەپێشـنیازی دیدگایەك بۆ گۆڕانکاری لەڕووی (هەڵوێسـت، رەفتارو یاسـاکان)ەوە، کە پلەی دووەمی وەرگرتووە، بەڵام زۆرینەی پێشنیازەکان بۆ گۆڕینی هەڵوێست یان رەفتار بەئاراستەیەکی نەرێنی بووە، بۆنموونە/ پێشنیازی درۆکردن، ناپاکی، تۆڵەسەندنەوە، دەستبەرداربوونی خۆشـەویسـت، دوورخسـتنەوەو لەناوبردنی کەسـانێك کە دڵسـۆزانە خزمەتی بەرپرسـەکانیان دەکەن. کوشـتن؛ لەزنجیرەی (9)دا کامەران پێشـــنیاز بۆ دەیڤد دەکاتو دەڵێت: "با واز لەکاری کوشـــتنو برین بهێنین" کەچی هاوڕێکەی دەڵێت: "کوشـــتنو برین دایكو باوکمانە"، کامەرانیش دەڵێت: "پارە دایكو باوکمانە"، لێرەدا لایەنی نەرێنی زاڵ دەبێت بەســـەر لایەنی ئەرێنیداو رێککەدەکەون کە لەسـەر رێگەکەی خۆیان بەردەوامبن، پەخشـکردنی ئەم جۆرە لەبیرکردنەوە کاریگەری نەرێنی لەسـەر بینەر هەیەو لەناویاندا دەچەســـپێت، بەتایبەت لەڕێگەی دراماوە. ئەم ئەنجامە لەگەڵ توێژینەوەی (زادە، 2022)دا یەکدەگرێتەوەو لەگەڵ (بومشعل، 2022)دا پێچەوانەیە.

هەر لەخشـــتەکەدا، ئەوە روونکراوەتەوە کە بیرۆکەی کۆی زنجیرەکـانی نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی (12.30%) بریتبووە لەهۆشـیاکردنەوەی رایگشـتی کە کێشـەیەك هەیەو پلەی سـێیەمی وەرگرتووە، دیارترین کێشـەش کە ئەم دراماية هەر لەسـەرەتای زنجیرەی یەکەمەوە تـاوەکو کۆتـایی بینەری لێ ئـاگـادار دەکـاتەوە، ئەوەیە کە پۆلیس رۆڵێکی لاوازی هەیە لەمامەڵەکردن لەگەڵ رووداوەکاندا، لەناو زینداندا تاوانو لێدانو شـەڕ دەکرێتو رێگری لێناکاتو رێسـاکانی سـڵاوکردنی سـەربازی لەناو زیندانەکەدا پەیڕەو ناکرێت، پاشـان پۆلیس لەدۆزینەوەی بکوژی (حەسـەن، ئازاد، تاڵانکردنی بانك، رفاندنی ڤینۆس، کوشـتنی عاسـیو سـێ کەسـی دیکەو چەندین تاوانی دیکەی دزیکردن) رۆڵێکی خراپی هەبووەو نەیتوانیوە بکەرانی دەسـتگیر بکات، لەزنجیرەی (21)دا نەقیب هەڵگورد بەبەرپرسی هەواڵگری دەڵێت: "ئێمە بەهیچ شێوەیەك ئاگاداری ئەو ئۆپەراسیۆنە نەبووین، ئەگەر ئاگادار بووینایە هەموو تۆمەتبارەکانمان بەزیندوویی دەستگیر دەکرد" ئەمەش ناکۆکی نێوان پۆلیسو ئاسایش دەردەخات، نەك پاراستنی ئارامیو ئاسـایش. دواتر لەدیالۆگی نێوان بەرپرســی هەواڵگریو هەڵۆدا ئەوە ئاشـکرا دەبێت کە (هەڵۆ و هەڵگورد) ئامۆزای یەکتربوون، لێرەدا هەڵۆ دەڵێت: "چەندینجار ئاگادارم کردەوە راییگرێت، مەبەستی لێکۆڵینەوەکانی هەڵگوردە"، ئەمەش جەختکردنەوەیە لەسەر ناکۆکی نێوان دوو ئامۆزاکە کە یەکێکیان پۆلیسو ئەوی دیکەیان ئەفسەری ئاسایشە.

هەر لەخشـــتەکەدا، ئەوە دەردەکەوێت کە بیرۆکەی کۆی زنجیرەکـانی نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی (11.23%) بریتیبووە لەرەتکردنەوەی دۆخەکەو پلەی چوارەمی وەرگرتووە، جا ئەگەر کارێکی ئەرێنی یان نەرێنی بوو بێت، بەڵام بەشـێوەیەکی گشـتی بیرۆکەی دراماکە لەســـەرەتاوە تا کۆتایی ئەوەیە کە بازرگانەکانو ئەوانەی کاری فرۆشـــتنی کەرەســـتەی ئەنتیکە دەکەن وەك چاوچنۆكو ناپاك بەرامبەر بەمێژووی نەتەوەکەیان پیشـاندراون، بازرگانێك یان دوکاندارێك پیشـان نەدراوە کە هاوکاری پۆلیسو ئاسایش بکاتو ئەم کارەی ئەوان رەتبکاتەوە.

خشتەی (12) دووبارەو رێژەی سەدی دەستەی بابەت بۆ نموونەی توێژینەوەکە رووندەکاتەوە

| بابەت | زنجیرە | دووبارە | % | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| کێشەی دوو گرووپی بازرگان | تۆڵەو تۆڵەسەندنەوە | 15 | 10.64 | شەشەم |
| | کوشتن | 28 | 19.86 | دووەم |
| | ناکۆکی ناوخۆیی | 32 | 22.70 | یەکەم |
| پەیوەندی لەڕووی | خۆشەویستی | 16 | 11.35 | پێنجەم |
| | ناپاکی | 23 | 16.31 | چوارەم |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | ناپاسایی | 27 | 19.15 | سێیەم |
| | کــــــــــۆ | 141 | %100 | |

لەخشـــتەی (12)دا ئەوە دەردەکەوێت کە لەڕووی بابەتەوە ناکۆکی ناوخۆیی بەڕێژەی (22.70%) لەکۆی زنجیرەکانی نموونەی توێژینەوەکە پلەی یەکەمی وەرگرتووە، هۆکارەکە ئەوەیە دوو گروپی بازرگان ململانێ دەکەن لەسەر دزینی سەروەت و سامانێکی نەتەوەیی کە لەژێر زەویدایەو بردنی بۆ وڵاتی تورکیا، لەم پێناوەشـدا پەنا بۆ کوشـتن و هەموو کارێکی ناپاسـاییو ناپاکی دەبەن، بۆیە کوشـــتن بەڕێژەی (19.86%) پلەی دووەمو پەیوەندی ناپاســایی بەڕێژەی (19.15%) پلەی ســێیەمو ناپاکی بەڕێژەی (16.31%) پلەی چوارەمو تۆڵەسـەندنەوە بەڕێژەی (10.64%) پلەی شـەشـەمی وەرگرتووە، ئەم ئەنجامە لەگەڵ توێژینەوەکانی (العرضـــاوی، 2024)و (عبدالرزاق، 2023)و (همدانی، 2018)دا یەکدەگرێتەوە،و لەگەڵ توێژینەوەی (بومشـــعل، 2022) پێچەوانەیە. پەیوەندی خۆشەویستی بەڕێژەی (11.35%) لەزنجیرەکانی نموونەی توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە خۆشـــەویسـتی لەنێوان (نێرو مێ، باوك بۆ کچ، برا بۆ براو ژن و مێرد) بوونی هەبووە، بەڵام بەشـێك لەم خۆشـەویسـتیانە لەخزمەتی هێڵی گشتی دراماکەدا بوون، بۆیە کەمتر گرنگیان پێدراوە.

خشتەی (13) دووبارەو ڕێژەی سەدی دەستەی کەسێتی بۆ نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە

| زنجیرە / کەسێتی | دووبارە | % | ئاست |
|---|---|---|---|
| کارەکتەرە سەرەکییەکان | 607 | 67.51 | یەکەم |
| کارەکتەرە لاوەکییەکان | 171 | 19.02 | دووەم |
| کۆمپارس | 121 | 13.46 | سێیەم |
| کــــــــــۆ | 899 | %100 | |

لەخشــتەی (13)دا ئەوە ڕوونکراوەتەوە، کە دەرکەوتنی کارەکتەرە ســەرەکییەکان لەزنجیرەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی (67.51%) پلەی یەکەمی وەرگرتووە، کــارەکتەرە لاوەکییەکــان بەڕێژەی (19.02%) پلەی دووەمو کۆمپــارس بەڕێژەی (13.46%) پلەی ســێیەمی وەرگرتووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە دەرکەوتنی کەســێتی کارەکتەرەکان بەپێی دۆخی دراماکە گونجاو بووە. ئەم ئەنجامە لەگەڵ توێژینەوەکانی (العرضاوی، 2024)و (بومشعل، 2022)دا پێچەوانەیە.

خشتەی (14) دووبارەو ڕێژەی سەدی دەستەی خەسڵەت بۆ نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە

| زنجیرە / خەسڵەت | | دووبارە | % | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 601 | 76.08 | یەکەم |
| | مێ | 189 | 23.92 | دووەم |
| کــــــــــۆ | | 790 | %100 | |
| قۆناغی تەمەن | پیر | 225 | 24.56 | دووەم |
| | پێگەیشتوو | 597 | 65.17 | یەکەم |
| | تازە پێگەیشتوو | 90 | 9.83 | سێیەم |
| | منداڵ | 4 | 0.44 | چوارەم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| کـــــــــــۆ | 916 | %100 | |

لەخشـــتەی (14)دا ئەوە روونکراوەتەوە، کە دەرکەوتنی رەگەزی نێر بەرێژەی (76.08%) پلەی یەکەمو رەگەزی مێ بەرێژەی (23.92%) پلەی دووەمی وەرگرتووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لەکۆی زنجیرەکانی نموونەی توێژینەوەکەدا بایەخی زیاتر بەدەرکەوتنی رەگەزی نێر دراوە، نەك رەگەزی مێ. ئەم ئەنجامە لەگەڵ توێژینەوەی (العرضـــاوی، 2024) یەکدەگرێتەوە، بەڵام لەگەڵ توێژینەوەی (عبدالرزاق، 2023)دا پێچەوانەیە.

هەر لەخشتەکەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە خەسڵەتی ئەکتەرەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەڕووی تەمەنەوە، لەقۆناغی پێگەیشتوودا بوونو بەرێژەی (65.17%) پلەی یەکەمی وەگرتووە، قۆناغی پیری بەرێژەی (24.56%) پلەی دووەمو قۆناغی تازە پێگەیشتووە بەرێژەی (9.83%) پلەی ســێیەمی وەرگرتووە. قۆناغی تەمەنی منداڵی کەمترین بایەخی پێدراوەو بەرێژەی (0.44%) پلەی چوارەمی وەرگرتووە، لەکاتێکدا ئەم درامایە وەك درامایەکی خێزانی لەمانگی رەمەزانداو لەکەناڵێکی خێزانییەوە پەخشکراوە، کە لەوکاتانەدا خێزانەکان زیاتر تەماشای دراما تەلەفزیۆنییەکان دەکەن.

**ئامانجی دووەم /** دیاریکردنی بەهاکانی پەیوەســت بەشــوناســی کەلتوری لەزنجیرە درامای (گورگەکان) کە لەکەناڵی ئاســمانی کوردماکسدا پەخشکراو شیکردنەوەیان.

خشتەی (15) دووبارەو رێژەی سەدی دەستەی بەهای کەلتوری بۆ نموونەی توێژینەوەکە روونەدەکاتەوە

| زنجیرە / بەهای کەلتوری | بژاردە | دووبارە | % | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| جلوبەرگی نەریتی | بەڵێ | 32 | 19.16 | یەکەم |
| | نەخێر | 135 | 80.84 | |
| کـــــــــــۆ | | 167 | %100 | |
| خواردنی نەریتی | بەڵێ | 10 | 5.99 | دووەم |
| | نەخێر | 157 | 94.01 | |
| کـــــــــــۆ | | 167 | %100 | |
| گۆرانی نەریتی | بەڵێ | 3 | 1.80 | سێیەم |
| | نەخێر | 164 | 98.20 | |
| کـــــــــــۆ | | 167 | %100 | |

لەخشـــتەی (12)دا ئەوە دەردەکەوێت، کە لەزنجیرەکانی نموونەی توێژینەوەکەدا کەمترین بایەخ بەبەهای کەلتوری لەڕووی (جلوبەرگ، خواردنو گۆران)ی نەریتی دراوە، دەرکەوتنی جلوبەرگی نەریتی بەرێژەی (19.16%) پلەی یەکەمو خواردنی نەریتی بەرێژەی (5.99%) پلەی دووەمو گۆرانی نەریتی بەرێژەی (1.80%) پلەی ســێیەمی وەرگرتووە، هۆکارەکەی ئەوەیە لەزنجیرەکانی نموونەی توێژینەوەکەدا زۆرتر بایەخ بەجلوبەرگی نا نەریتی دراوە، لەگەڵئەوەشـــدا خواردنو گۆرانی نانەریتی هەر نەبووە. ئەم ئەنجامە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (بومشعل، 2022)دا پێچەوانەیە.

خشتەی (16) دووبارەو ڕێژەی سەدی دەستەی بەهای کۆمەڵایەتی بۆ نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە

| بەهای کۆمەڵایەتی / زنجیرە | بژاردە | دووبارە | % | ئاست |
|---|---|---|---|---|
| بەرپرسیارێتی | بەڵێ | 54 | 32.34 | یەکەم |
| | نەخێر | 113 | 67.66 | |
| کــــــــۆ | | 167 | %100 | |
| هاوکاری | بەڵێ | 24 | 14.37 | دووەم |
| | نەخێر | 143 | 85.63 | |
| کــــــــۆ | | 167 | %100 | |
| لێبوردەیی | بەڵێ | 7 | 4.19 | پێنجەم |
| | نەخێر | 160 | 95.81 | |
| کــــــــۆ | | 167 | 100% | |
| بەرگری لەکەسانی دیکە | بەڵێ | 18 | 10.78 | سێیەم |
| | نەخێر | 149 | 89.22 | |
| کــــــــۆ | | 167 | %100 | |
| برایەتی | بەڵێ | 14 | 8.38 | چوارەم |
| | نەخێر | 153 | 91.62 | |
| کــــــــۆ | | 167 | %100 | |

لەخشتەی (16)دا ئەوە دەردەکەوێت، کە بەهای بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بەرێژەی (%32.34) پلەی یەکەمی وەرگرتووە، لەم ڕێژەیەش بەرپرسیارێتی بۆ ئەنجامدانی کاری نایاسایی‌و کوشتن‌و تاوانکاری پانتاییەکی زۆرتری لەناو دراماکە وەرگرتووە بەراورد بەبەرپرسیارێتی بۆ پاراستنی ئارامی‌و ئاسایش. بەهای هاوکاری کۆمەڵایەتی بەرێژەی (14.37%) پلەی دووەمی وەرگرتووە، کە بەشێکی زۆری هاوکاریکردن بووە بۆ ئەنجامدانی تاوان‌و کوشتن چ لەناو زیندان‌و چ لەدەرەوەی زیندان، تەنیا چەند حاڵەتێکی کەم بینراوە کە هاوکاری پۆلیس کراوە بۆ دۆزینەوە تاوانباران. بەهای بەرگریکردن لەکەسانی دیکە بەرێژەی (10.78%) پلەی سێیەم‌و بەهای برایەتی بەرێژەی (%8.38) پلەی چوارەم‌و بەهای لێبوردنی کۆمەڵایەتی بەرێژەی (%4.19) پلەی پێنجەمی وەرگرتووە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە دراماکە کوردستانی وەك دۆڵێکی پڕ لەگورگ شوناس کردووە، کە هەموویان شەڕیانە لەسەر دزینی گەنجینەیەکی مێژوویی، کە هێمایە بۆ سەروەت‌و سامانی ژێرزەوی ئەم وڵاتەو بردنی بۆ تورکیا، کەمترین پانتایی بۆ برایەتی‌و بەرگریکردن لەکەسانی دیکەو لێبوردەیی هێشتۆتەوە، بۆ خۆپاراستن لەمەش لەسەرەتای دراماکەدا نووسراوە "ڕووداوەکانی نێو ئەم درامایە لەگەڵ کەسێتییەکان تەنیا خەیاڵە، هیچ پەیوەندییەکی بەژیانی ڕۆژانەی ئاسایی نییە"

خشتەی (17) دووبارەو ڕێژەی سەدی دەستەی بەهای ئاکار بۆ نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە

| بەهای ئاکاری / زنجیرە | | بژاردە | دووبارە | % | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|
| بەها ئاکارییە ئەرێنییەکان | راستگۆیی | بەڵێ | 30 | 17.96 | حەوتەم |
| | | نەخێر | 137 | 82.04 | |
| | کۆ | | 167 | 100% | |
| | خۆراگری | بەڵێ | 30 | 17.96 | |
| | | نەخێر | 137 | 82.04 | |
| | کۆ | | 167 | 100% | |
| | ڕێزگرتن | بەڵێ | 37 | 22.16 | پێنجەم |
| | | نەخێر | 130 | 77.84 | |
| | کۆ | | 167 | 100% | |
| | هاورێیەتی | بەڵێ | 25 | 14.97 | هەشتەم |
| | | نەخێر | 142 | 85.03 | |
| | کۆ | | 167 | 100% | |
| | دڵسۆزی | بەڵێ | 50 | 29.94 | سێیەم |
| | | نەخێر | 117 | 70.06 | |
| | کۆ | | 167 | 100% | |
| بەها ئاکارییە نەرێنییەکان | درۆکردن | بەڵێ | 62 | 37.13 | دووەم |
| | | نەخێر | 105 | 62.87 | |
| | کۆ | | 167 | 100% | |
| | دزی | بەڵێ | 36 | 21.56 | شەشەم |
| | | نەخێر | 131 | 78.44 | |
| | کۆ | | 167 | 100% | |
| | لادانی ڕەفتاری | بەڵێ | 63 | 37.72 | یەکەم |
| | | نەخێر | 104 | 62.28 | |
| | کۆ | | 167 | 100% | |
| | ڕێزنەگرتن | بەڵێ | 43 | 25.75 | چوارەم |
| | | نەخێر | 124 | 74.25 | |
| | کۆ | | 167 | 100% | |
| | خواردنەوە | بەڵێ | 20 | 11.98 | نۆیەم |
| | | نەخێر | 147 | 88.02 | |
| | کۆ | | 167 | 100% | |

لەخشتەی (17)دا ئەوە دەردەكەوێت، كە بەهای لادانی رەفتاری بەرێژەی (37.72%) لەكۆی زنجیرەكانی نموونەی توێژینەوەكە پلەی یەكەمی وەرگرتووە، هۆكارەكەی ئەوەیە كە چەندین لادانی رەفتاری بەئاشكراو نائاشكرا دەركەوتووە، ئەم ئەنجامە لەگەڵ بەشێك لەئەنجامی توێژینەوەكانی (العرضاوی، 2024)و (زادە، 2022) یەكدەگرێتەوەو لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (بومشعل، 2022) پێچەوانەیە. بۆنموونە/ لەزنجیرەی یەكەمدا دەمەقاڵێ لەنێوان چەند زیندانییەك دروست دەبێت لەسەر بابەتێك كە پەیوەندی بەلاقەكردنەوە هەیە.. زیندانی یەكەم: "دڵم تەقی لەم زیندانە، بۆ یەكێكی وەكو مایكڵ سكۆفێلد لێرە نەبوو، تاوەكو ئێمەش بەرێتەدەرەوە". زیندانی دووەم: "دەبێت كەسێكی وەك لینكۆڵنی برای لێرە بێت، تاوەكو بێت بۆ ئازادكردنی ئێمەش"، زیندانی سێیەم: "ئەوكاتە منیش دەبووم بەتیبەك". زیندانی دووەم: " باش بۆی چوویت تیبەگیش خوێڕیترین كەس بوو لەو زیندانەدا"، زیندانی سێیەم: "ئەوكات تۆش دەبوویتە ئەو منداڵە هەتیوەی كە نەیدەوێرا بچێتە ژوورەكەی تیبەگ "مەبەستی لاقەكردنە"، باش دەزانیت لەگەڵ كێمە خۆتۆش ناوێریت قاچ بخەیتەسەر تەختەكەی من". سەرباری دەركەوتنی كچێك وەك سۆزانی كە دێت بۆ لای حەسەنی بازرگانو ئەكتەرەكان بەكەناری ناوی دەبەن، لەگەڵ چەندین كاری دزیكردنو سوكایەتیو توندوتیژی دیكە، بۆنموونە/ لەزنجیرەی یەكەمدا لیزا دەڵێت: "كامۆ دواین گوێ لەكوێ بریم".

هەر لەخشتەكەدا ئەوە روونكراوەتەوە، كە بەهای درۆكردن بەرێژەی (37.13%) پلەی دووەمو بەهای دڵسۆزی (بۆكاری ئەرێنی بێت یان نەرێنی) بەرێژەی (29.94%) پلەی سێیەمو بەهای رێزنەگرتن (لەناو خێزان یان گروپەكاندا) بەرێژەی (25.75%) پلەی چوارەمو بەهای رێزگرتن بەرێژەی (22.16%) پلەی پێنجەمو بەهای دزی بەرێژەی (21.56%) پلەی شەشەمو هەردوو بەهای راستگۆییو خۆراگری (بۆ كاری ئەرێنی یان نەرێنی) بەرێژەی (17.96%) پلەی حەوتەمو بەهای هاوڕێیەتی (ئەرێنی یان نەرێنی) بەرێژەی (14.97%) پلەی هەشتەمی وەرگرتووە، بەهای خواردنەوەی كحول بەرێژەی (88.02%) پلەی نۆیەمو نزمترین ئاستی وەرگرتووە، چونكە لەهەردوو زنجیرەی (13 و 15)ی نموونەی توێژینەوەكەدا، عاسیو شەماڵ دانیشتوون دەخۆنەوە، لەكاتێكدا ئەم دراما لەمانگی رەمەزاندا پێشكەشكراوەو پیرۆزیی مانگەكە رەچاو نەكراوە.

2.4 دەرئەنجامەكان

1. بەشێوەیەكی گشتی لەدرامای "گورگەكان"دا كە لەكەناڵی ئاسمانی كوردماكسەوە پەخشكراوە، یەك شێوەزار لەزمانی كوردی بەكارهێنراوە، بەڵام لەرووی زمانی راگەیاندنەوە روون نییەو ناسازە، چونكە چەندین وشەی عەرەبیو بیانیو وشەی نەشیاوی تێدا بەكارهێنراوە.
2. لەرووی تەكنیكەوە، كارێكی پیشەییانە بۆ درامای "گورگەكان" كراوە، بەڵام لەرووی (میوزیك، دیكۆر، جلوبەرگ)ەوە شوناسی كەلتوری كوردی تێدا رەنگینەداوەتەوەو لەئاستێكی لاوازدایە.
3. لەرووی بەهای ئاكاریو كۆمەڵایەتییەوە، درامای "گورگەكان" كە لەكەناڵی كوردماكسەوە پەخشكراوە، لەئاستێكی زۆر خراپدایە، چونكە زۆرترین بەهای نائاكاریو ناباو بەفەهەرنگی كوردی تێدا دەركەوتووە، كە كاریگەری لەسەر بینەر دروست دەكات، لەبەرامبەردا كەمترین باخ بە بەها ئاكارییە ئەرێنییەكان دراوە.
4. لەرووی بیرۆكەو بابەتەوە، درامای "گورگەكان" كە لەكەناڵی ئاسمانی كوردماكسەوە بڵاوكراوەتەوە، هەرێمی كوردستانی وەك جەنگەڵێكی پڕ لەگورگ شوناس كردووەو رۆڵی هێزەكانی پۆلیس زۆر لاواز پیشاندراوە، تەنانەت ناونیشانی دراماكەش گوزارشت لەبەهایەكی نەرێنی دەكات، نەك بەهای پارێزگاریكردن لەمیراتی نەتەوەیی.

3.4 راسپاردەكان

1. وەزارەتی رۆشـــنبیری‌و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان، لەرێگەی لیژنەی پســـپۆری تایبەت بەبواری (زمانەوانی‌و راگەیاندن‌و هونەر)ەوە، پێداچوونەوە بەهەموو ئەو درامایانە بکات، کە لەمیدیای جەماوەرییەوە پێشکەش دەکرێن‌و رێنمایی پێویست لەوبارەیەوە دەربکات.
2. گرنگیدانی زیاتر بەبەرهەمهێنانی درامای کوردی کە رەنگدانەوەی رەســـەنایەتی شـــوناســـی فەرهەنگی کوردی بێت، بەمەبەستی زیندووکردنەوەی ئەو دابونەریتانەی کە بەرەو کاڵبوونەوە دەڕۆن.
3. بەڕێوەبەرانی میدیای جەماوەری، وەك ئەرکێکی پیشـــەیی‌و ئاکاری‌و نیشـتمانی، رەچاوی رەســـەنایەتی فەرهەنگی کوردی بکەن‌و تەنیا لەپێناوی پڕکردنەوەی کاتی پەخش یان زیادکردنی ژمارەکان، رێگە بەبڵاوکردنەوەی درامای ئاســـت نزم نەدەن.
4. ســـیناریســـتی دراما تەلەفزیۆنییەکان، لەکاتی نووســـینی چیرۆکە دراميیەکانیان، شـــوناســـی نەتەوەیی کورد لەبیر نەکەن‌و خەیاڵەکانیان بۆ ئاڕاســـتەکردنی کۆمەڵگە بێت بەرەو ئاکاری باش‌و پارێزگاری لەشـــوناســـی کەلتوری کوردی، نەك هاوردەکردنی فەرهەنگی نامۆ بەکۆمەڵگەو چەسپاندنی بەهای نائاکاری.

3.4 پێشنیازەکان

1. ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشـــێوە بۆ ئەو درامایانەی کە لەمیدیا جەماوەرییەکانی دیکەی هەرێمی کوردســـتانەوە پەخشدەکرێن.
2. ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی بەراوردکاری لەنێوان ئاستی درامای کوردی‌و درامای وڵاتانی دراوســێ، (ئێران‌و تورکیا) بەنموونە.
3. ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لەبارەی دیدی پسپۆرانی ئەکادیمی لەبارەی دۆخی درامای کوردی لەهەرێمی کوردستاندا.

سەرچاوەکان

**یەکەم / کتێب**


1- الحاج، كمال. (2020). نظريات الإعلام والاتصال. من منشورات الجامعة الافتراضية السورية. ديمشق.
2- خليل، محمود. (2008). معجم المصطلحات الإعلامية. مجمع اللغة العربية. القاهرة.
3- عبدالحميد، محمد. (2004). نظريات الإعلام وإتجاهات التأثير. عالم الكتب. ط.3. القاهرة.
4- الفار، محمد جمال. (2014). معجم المصطلحات الإعلامية. دار أسامة للنشر والتوزيع. عمان.
5- الكعبي، حيدر محمد. (2019). الدراما التلفزيونية وأثرها في المجتمع. المركز الاسلامي للدراسات الاستراتيجية. النجف.
6- النمر، مصطفى صابر والبطريق، غادة مصطفى. (2019). الدراما التلفزيونية من الفكرة الى شاشة. مكتبة الرشد للنشر والتوزيع. الرياض.

**دووەم / توێژینەوەکان**

7- أبورحمة، محمد حسن وأبو ليلة، حسين عبدالكريم. (2024). دور مواقع التواصل الإجتماعي في تعزيز الهوية الثقافية والدينية لدى طلبة الجامعات الفلسطينية (الجامعة الاسلامية-دراسة حالة-). مجلة رابطة التربويين الفلسطينيين للآداب والدراسات التربوية والنفسية. المجلد4. العدد 12. ص 69-92.
8- بومشعل، وسام وبوخملة، يسرى. (2022). الهوية الثقافية من خلال الدراما التلفزيونية الجزائرية: دراسة تحليلة على عينة من حلقات مسلسل "بنت البلاد" على قناة النهار TV. رسالة ماجستر المنشورة في علوم الإعلام والإتصال في جامعة جيجل الجزائرية.

http://dspace.univ-jijel.dz:8080/xmlui/handle/123456789/2466

9- باهنر، ناصر وكيذقان طاهره جعفرى. (2011). تلويزيون و تأثيرات كاشتي آن بر هويت فرهنگى ايرانيان. فصلنامه تحقيقات فرهنگى. دوره سوم. شماره.٤. ص 131-156.

10- حسان، ولاء إبراهيم عبدالحميد. (2023). تأثير التعرض للأعمال الدرامية المقدمة عبر منصات المشاهدة الرقمية على الهوية الثقافية لدى الشباب المصري. المجلة المصرية لبحوث الإعلام. العدد(83)-جزء الثاني. ص383-439.

https://ejsc.journals.ekb.eg/article_314887.html

11- زاده، سيد رضا هاشمى ودلاور، على ومظفرى، افسانه. (2022). بازنمايى هويت ايرانى در سريال پرمخاطب هزاردستان با رويكرد تحليل نشانه شناختى. مطالعات رسانه‌اى. دوره(16). شماره(٥٣). ص35-45.

https://sanad.iau.ir/fa/Article/791837

12- السيد، إيمان سعيد عبدالمنعم. (2022). خصائص ومؤشرات الهوية الثقافية لدى طلاب كلية التربية. مجلة 46. العدد3. ص423-472.

13- شاهين، أحمد سيف. (2014). مشاهدة الدراما التلفزيونية (المدبلجة) وعلاقتها ببعض الحاجات النفسية لدى المراهقين. رسالة الماجستير المنشورة في علم النفس النمو. جامعة ديمشق.

14- العرضاوي، مرفت محمد شريف. (2024). الهوية الثقافية من خلال الدراما التلفزيونية الإيطالية: دراسة تحليلة لمسلسل "صديقتي الرائعة". مجلة جوش للدراسات الإنسانية. العدد(8). ص9-27.

الهوية الثقافية من خلال الدراما التلفزيونية الإيطالية "دراسة تحليلية لمسلسل "صديقتي الرائعة:

15- عبدالرزاق، أمل إسماعيل. (2023). صورة الأسرة المصرية بدراما المنصات العربية وعلاقتها بإشكالية الهوية الثقافية: دراسة تحليلية بالتطبيق على منصة شاهد. المجلة المصرية لبحوث الإعلام – العدد 84. جزء الثاني. ص847-909.

https://app.scinito.ai/article/W4388613133

16- عبدالعزيز، راجية سوف. (2022). الدراما الإذاعية والدراما التليفزيونية دراسة تطبيقية مقارنة للمسلسل الإذاعي والتليفزيوني "لن أعيش في جلباب أبي". مجلة بحوث كلية الآداب. المجلد33. العدد (131.4). ص52-102.

17- على، ياسر عرفة زكي وبركة، سعد عبدالمنعم ودرويش، سلوى يوسف. (2021). تأثير الدراما التليفزيونية على ظاهرة العنف لدى الشباب في القاهرة. مجلة الدراسات الأفريقية. العدد(50). ص128-146.

(2)تأثير الدراما التليفزيونية على ظاهرة العنف لدى الشباب في القاهرة | محمد مسعد Academia.edu -

18- عبيدي، فاطمة الزهراء و بن طراد، وفاء. (2017). تأثير استخدام تكنولوجيا المعلومات والاعلام الجديد على الهوية الثقافية للطالب الجامعي دراسة ميدانية على عينة من طلبة كلية الآداب والعلوم الإنسانية - جامعة عنابة- المجد1. العدد1. ص49-64.

19- الغمراوي، رجاء. (2022). دور الدراما التلفزيونية في تنمية وعي الجمهور بالقضايا الإجتماعية.المجلة العملية لبحوث الإذاعة والتلفزيون. العدد 23. ص435-466.

20- كربية، كريمة محمد. (2022). جدل الهوية والإعلام الجديد. مجلة الآداب والعلوم الاجتماعية. المجلد (12). العدد(3). ص85-96.

21- همدانى، رابعه نظرپور وپاكزاد، بتول. (2018). تحليل محتواى سريال تلويزيونى كيميا از منظر خشونت خانوادگى. پژوهشهاى حقوق جزا و جرم شناسى. دوره (٧). شماره (١٤). ص139-169.

sid.ir/paper/396548/14 خريد اقساطى گوشى آيفون/fa

## تأثيرات الدراما التلفزيونية على الهوية الثقافية:

## الدراما (الذئاب) على قناة كوردماكس أنموذجا

**الملخص**

تهدف هذه الدراسة إلى التعرف على القيم المرتبطة بالهوية الثقافية المتضمنة في المسلسل الدرامي (الذئاب) الذي تم عرضه على قناة كوردماكس وتحليلها، مع تحديد وتحليل القيم الفنية والإعلامية والإجتماعية التي تحتويها الدراما. وكذلك التعرف على التأثيرات دراما (الذئاب) على الهوية الثقافية. ولتحقيق هذه الأهداف استخدم الباحثان المنهج الوصفي المدعم بتحليل المحتوى مع الملاحظة لجمع البيانات، لغرض التحليل (11) حلقة التي تمثل نسبة (50%) من إجمالي الدراما التى تم اختيارها بطريقة عشوائية المنظمة. وأخيراً خلصت الدراسة إلى أنه تم عملاً جديداً ومهنياً في هذه الدراما، من حيث التقنيات (التصوير، والإضاءة، والإكسسوارات)، ولكن من حيث تجسيد القيم الثقافية مثل (اللغة، التقاليد، الرسائل، الأخلاق) فهي في مستوى ضعيف جداً. لأن الدراما تصور كردستان كغابة مليئة بالذئاب من خلال إظهار جماعتين مافيا، التى تمارسان كافة أنواع الصراعات والقتل والعنف والأنشطة المقززة، التي غير الشائعة في المجتمع، فقط للحصول على الكنز الذي رمزه للثروة البلاد، وتهريبه إلى تركيا. وتظهر الدراسة أن انعكاس الهوية الثقافية في هذه الدراما في مستوى ضعيف جداً، بل عمل على تشويه واقع المجتمع الكردي إلى حد كبير، وبعض المشاهد تشجع على العنف والخيانة والاحتيال وتبديد الممتلكات العامة. وخلص الباحثون إلى أن الأعمال الفنية المنشورة في وسائل الإعلام تصبح جزءا من الرسالة الإعلامية، لذا يقترحون على الجهات المعنية اتخاذ الإجراءات اللازمة لعدم نشر إنتاج الأعمال الدرامية والمسلسلات التلفزيونية دون مراجعتها من قبل الخبراء اللغويين والإعلاميين.

**الكلمات المفتاحية: تأثير، الدراما، الدراما التلفزيونية، الهوية، الهوية الثقافية**

## The impacts of Television Drama on Cultural Identity:

## The Drama (Wolves) on the Kurdmax Channel as a Model

**Abstract**

This study aims to identify and analyze the values associated with cultural identity included in the drama series (Wolves) that was shown on the Kurdmax channel. With the identification and analysis of the artistic, media and social values contained in the drama, and also identify the effects of wolves' drama on cultural identity. To achieve these objectives, the researchers used the descriptive method supported by content analysis with observation to collecting the data, for the purpose of analysis (11) episodes representing (%50) of the total drama that were selected in an organized random manner. Finally, the study concluded that a new and professional work was done in this drama, in terms of techniques (filming, lighting, and accessories). But in terms of the embodiment of cultural values; such as (language, traditions, messages, ethics), it's at a very weak level. Because the drama depicts Kurdistan as a jungle full of wolves by showing two mafia groups, which the practice all kinds of conflicts, killings, violence and disgusting activities that aren't common in society, just to obtain the treasure that symbolizes the country's wealth, and smuggle it to Turkey. The study shows that the

reflection of cultural identity in this drama is at a very weak level, but rather worked to distort the reality of Kurdish society to a large extent, and some scenes encourage violence, betrayal, fraud, and squandering of public property. The researchers concluded that the artistic works published in the media become part of the media message, so they suggest that the concerned authorities take the necessary measures to not published the production of dramas and television series without reviewing it by linguistic and media experts.

**Keywords: Impact, Drama, TV Drama, Identity, Cultural Identity**